نۆڤلێت

# کچەی خوێنەر

نۆڤلێت

# کچەی خوێنەر

نیهاد جامی

وشە

دەزگایەکی رۆژنامەوانی سەربەخۆیە

له بڵاوكراوه‌كانی

وشه

ده‌زگایه‌كی رۆژنامه‌وانی سه‌ربه‌خۆیه

كتێبی ژماره نۆ

- ناوی کتێب: کچەی خوێنەر
- نووسەر: نیهاد جامی
- بابەت: نۆڤلێت
- نەخشەسازی: ئاراس ئەکرەم
- چاپ: یەکەم- هەولێر، ٢٠١٩
- تیراژ: ٧٥٠ دانە
- نرخ:      دینار
- چاپخانە: چاپخانەی رۆژهەڵات
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (   ) ساڵی ٢٠١٨ی پێ دراوە

ئـەوە ڕێـک وەک کاری هونـەری وایـە، هونەرمەندێکی شـێوەکار گـەر توانـای گواسـتنەوەی بینینـی فۆتۆگرافیانـەی بەهێـز بێـت، ئیـدی تابلـۆ گەورەکانـی سـەرنجی هەمـووان ڕادەکێشـێت و بـە نرخـی خەیاڵـی دەفرۆشـرێن، واز لـەوە بێنـە لـە ماڵەکانمـان هێشـتا فێـری ئـەوە نەبوویـن تابلـۆی شـێوەکاری بکڕیـن و دیوارەکانمانـی پـێ بڕازێنینـەوە، مـن باسـم لـە ماڵـی بەرپرسـی حزبـەکان، ئـەو سیاسـییانەیە کـە لـە پـڕ

بـوون بـە وەزیـر و پەرلەمانتـار و سـەرۆکی ڕێکخـراوی توێژێکـی کۆمەڵگـە.

ڕەنگـە ئاسـان نەبێـت لـەو ئاژاوەیـەی بـازاڕ هونەرمەندێـک بـە کاری هونـەری دەربکەوێت، مەگـەر کەسێک لەپـڕ لـە ژیانی خـۆی بێزار بێت، پۆسـتەرێک لـە چایخانـەی نووسـەران، لـە حەوشـی زانکـۆ بـڵاو بکاتـەوە کـە هەفتـەی داهاتـوو پیشـانگەیەکی شـێوەکاری دەکاتـەوە بـۆ ڕسـواکردنی دەسـەڵاتداران.

ئـەو دەمـە دەبێـت ئارەزووکـردن لـە مـەرگ.. وەک دوا تابلـۆی خـۆی سـەیر بـکات، چونکـە هـەر وەزیـر و سـەرکردەیەک لـە تابلۆیـەک بکرێتـە مرۆڤـی ئەودیـوی قـات و ڕیباتەکـەی، کـە شـەوان لـە تەلەڤزیـۆن وا پێیـان ڕاهاتوویـن، بـۆ نموونـە سـەرکردەی حزبێکـی ئیسـلامی دوعـا بخوێنێـت لـە چـوار ژنەکـەی یەکێکیـان تـەڵاق بـدات، تـا بتوانـێ لەیـلا سـەباحی بێـژەر بـکات بـە هاوسـەری خـۆی، یاخـۆ سـەرۆکی دەوڵـەت لـە فڕۆکەیەکی تایبـەتدا بێـت، تەنیا خـۆی و فرۆکەوانەکـە بـن.. لـە تـەک چـوار کچـی ناسـکی کارمەنـدی فڕۆکەکـە.. کورسییەکانیشـی کارتۆنـی

دۆلاری بلـۆک بێـت، بـۆ ئـەوەی بیباتـە بانکێکـی وڵاتێکـی ئەورووپـی.

ڕەنگـە ئـەو شـێوەکارە ژنـە وەزیرێـک ببێتـە تابلۆیەکـی کـە هاوسـەرەکەی پێـی بڵێـت «تـۆ کـە نەتوانیـت ژەمێـک نـان لەگـەڵ مـن بخۆیـت، چـۆن لـە وەزارەت ئیمـزا لەسـەر پرۆپۆزەڵـی یەکسـانی ژن و پیـاو دەکەیـت» ڕەنگـە پیشـانگایەکی شـێوەکاری لـەو شـێوەیە دەنگدانەوەیەکـی گـەورەی ببێـت، تەلەڤزیۆنـی ئۆپۆزسـیۆن و ئەوانـەی بـە ئەهلـی دەرکەوتـوون، ڕاپـۆرت و بەرنامـەی تایبەتـی لەبارەوە دروسـت بکـەن، بـەڵام ئاخۆ بەر لە سوڕانەوەی سـاڵ، هونەرمەندەکـە بـە ڕووداوێکـی هاتووچـۆ نامرێـت؟ ڕووداوێـک کـە بەرپرسـانی ئـەم وڵاتـە دەسـتێکی باڵایـان هەیـە لـەو سـیناریۆ دروسـتکراوانەدا.

ئێسـتە ئـەو ژنـەی ڕۆمانێکـی خەیاڵـی نووسـیوە کـە پـەردە لـە ڕووی ڕۆشـنبیران هەڵدەداتـەوە، چـۆن خەریکـی فریـوودان و سێکسـکردنن، دەبێـت ئـەو ژیانـی چـۆن بێـت؟ ئاخـۆ جارێکیتـر دەتوانێـت بـە ئـازادی خـۆی لـە شـەقام پیاسـە بـکات، بەتایبـەت

ئـەوە دووەم ڕۆژی لەسـەریەکە ڕێکخـراوی خانمـان خۆپیشـاندان ڕێـک دەخـەن، گوایـە ئـەو کتێبـە بـەر لـە هەمـوو کەسـێک سـووکایەتییە بـە ژنانـی سـەربەرزی ئـەم وڵاتـە، بۆیـە ئێسـتە شـەقامەکان جمەیـان دێـت لـە دەنگـی ئـەو ژنانـەی کـە بـە دادگەییکردنـی نووسـەرێک ناوەسـتن، هێنـدەی داوای حوکمـی لەسێدارەدانیشـی دەکـەن.

پێدەچێـت ئـەو کتێبـە سـەرەتایەک بێـت بـۆ هەڵدانـەوەی نهێنـی شـەوانی سیاسـییەکانیش، هـەروەک مەهنـازی مـەلا عەزیـز.. ئـەو ژنەی سـەرۆکی ڕێکخـراوی خانمـان لـە دیداری کەناڵێکی تەلەڤزیۆنـی دوێنـێ شـەو باسـی کـردووە «هـەر هێنـدە مـاوە بـێ ئابڕوویـەک سـبەینێ کتێبێـک لەسـەر تێکۆشـەران و شۆڕشـگێڕانی وڵاتیـش بنووسـێت».

ئـەو لێدوانـە لـە بۆمبێـک دەچێت کـە داوای کوشـتنی کەسـێکە، بـەر لـەوەی کتێبـی دووەمـی بنووسـێت، ئـەوە ترسـێکی ئـەو سیاسییانەیە کـە ئابڕووی ژیانـی شـەوانیان بچێـت، مەهنـاز کـە پێدەچێـت خـۆی دەسـتێکی لـەم چیرۆکـە نهێنیـەدا هەبێـت، کەسـێک

دۆسیەی سیاسییەکان و ئەو پێکەوە هەڵبداتەوە، بەتایبەت کە ئەو لەپڕ لە فەرمانبەرێکی ژووری مەلەفاتیی سەرۆکایەتیی شارەوانییەوە، کەس نەیزانی چۆن تا ساڵ دەسوڕایەوە.. زەوی و خانوو و ئۆتۆمۆبیلی وەرگرت، بە پلەی موقەدەمیش خانەنشین کرا.. تا کاری ڕێکخراوەیی ئەنجام بدات، کە حزب ئەو ڕێکخراوەی بە بودجەیەکی کراوە بۆ کردەوە.

کەس نەیدەزانی نووسەری ڕۆمانەکە لە چ شوێنێکی ئەو وڵاتە خۆی شاردووەتەوە، تەنانەت کەس ڕووخساریشی نەبینیبوو، جگە لە مەحموودی قادری نەبێت لە سەرهەڵدانی ئەو کیشەیە لەناو خۆپیشاندەران گوتی «خانمانی دژ بە ناشیرینی سوپاس بۆ یەکدەنگی یەکسانیتان، دیارە هەموو ئەوانەی لەو کتێبە بەناوی من نووسراون، لە مێشکی هاووڵاتییەکی نەخۆشەوە تۆمار کراون».

قادری بۆ ئەوەی خۆی وەک شاعیرێکی ئازادیخواز وەسف بکات، داوای بەزەیی ئەوانی کرد کە پێویستە بەهەمووان ئەو نووسەرە بدۆزینەوە و

بیخەینە نەخۆشخانەی دەروونییەوە، تا چارەسەری دەروونی بۆ بکرێت، بتوانێت وەک ئێوە ئازادی ڕاستەقینەی خۆی بدۆزێتەوە.

قادری لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوەش کرد لە ژیانیدا ئەو خانمەی یەکجار بینیووە، ئەویش جارێک هاتووە دوو پرسیاری ڕۆژنامەوانی لێکردووە لەبارەی جیاوازییە ئەدەبیەکانی نێوان دادایزم و سریالیزم.

ئەوانە سەرەتای ئەو بیرۆکەیەیە بۆ من، تا بتوانم فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر ڕووداوەکان دروست بکەم، بەڵام بەبێ بوونی نووسەری کتێبەکە کارەکەم پێ دروست نەدەکرا، بۆ دۆزینەوەی نووسەری کتێبەکە دەبوو ڕاستەوخۆ بانگەشە بۆ فیلمەکە بکەم، تا ئەگەر کەسێک هەواڵ و سۆراخی ئەوی زانی، بمگەیەنێتە لای نووسەرەکە. بەڵام ماوەیەکی زۆر تێدەپەڕی و هیچ شتێکم لە هەواڵی ئەو نەدەزانی، بێئومێدیش دەبووم لە پڕۆژە هونەرییەکەم، تاکە شت کە ئەنجام دابوو تۆماری ڤیدیۆیی خۆپیشاندەران بوو، لەگەڵ

لێدوانی ئـەو نووسـەر و هونەرمەندانـەی لە ڕۆمانەکەدا ناویـان هاتبـوو، بـەڵام بەبێ بوونـی ڕۆماننووسـەکە، فیلمەکـەی مـن ناتـەواو دەردەچـوو.

خەریـک بـووم دەسـتم لـە کارەکـە هەڵدەگـرت، خۆپیشـاندان و دیدارەکانم وەک ئەرشـیڤ دەپاراسـت، کەوتمـە بیرکردنـەوە لـە فیلمێکـی تـر لەبـارەی ژن و کتێـب، کـە بەهیـچ جۆرێـک نەچمـەوە سـەر ئـەو کارەی پێشـتر، بۆیـە ڕۆژانـە چەنـدان کاتژمێـر لـە کتێبخانـەی گشـتی دەگەڕامـەوە سـەر ئـەو کتێبانـەی کـە ژن نووسـیبووی، بەشـی هـەرە زۆریـان شـیعر بـوون، بەدەگمـەن چیـرۆک و ڕۆمـان یـا لێکۆڵینـەوە دەکەوتـە بەردەسـتم، ئـەو سـەرنجانەی هەمبـوو لـە هۆڵـی کتێبخانەکـە تۆمـارم دەکـرد، کچێـک لـە بەرامبـەرم دانیشـتبوو، هەڵبـەت درێـژی مێـزەکان بـە پانایـی هۆڵەکـە بـوو.. ئـەوەی تێگەیشـتم تەنیـا ئەوەبـوو خەریکـی خوێندنـەوەی کتێبـی «ژن و سـێکس» بـوو.

کچێک تەمەنـی لـەوە دەچوو سـی سـاڵ ببێـت، بەڵام شـێوەی لـەو کچانـە نەدەچـوو کـە بـەدوای زانیـاری

سێکســەوە بــن، چونکــە کراســێکی ســەوزی تۆخــی لەبەردابــوو، دواتــر زانیــم تەنورەیەکی کلۆشــی ڕەشــی تــا ســەر پێڵاوەکانــی لەپێیــە، لەچکێکــی پڕتەقاڵــی قــژی داپۆشــیبوو، ئەگــەر بەرگــی کتێبەکەیم نەبینیایە بــڕوام وابــوو خەریکــی خوێندنــەوەی «شــەوی ئیســراو میعــراج» بێــت، یاخۆ کتێبی «چیرۆکی پێغەمبەران» بخوێنێتــەوە، هەســتی دەکــرد بــەدەم تۆمارکردنــی ســەرنجەکانم.. نیــگام دەچێتــە ســەر ئــەو، کاتێــک منیــش ســەرم دەخســتە ســەر کاغــەزەکان، ئەویــش لێــم ورد دەبــووەوە، تــا لەیــەک ســاتدا هەردووکمــان چاومــان کەوتــە ســەر یــەک، ئــەو خەندەیەکــی کــرد و منیــش بــە کۆڵێــک تەریقبوونــەوە کەوتمــە پێکەنیــن.

بــە پێکەنینــەوە ســەری داگــرت، کتێبەکــەی خســتە نــاو جانتاکــەی، کتێبێکــی تــری بەدەســتەوە بــوو، ئــاگام لێبــوو بردیــەوە بــۆ فەرمانبــەری کتێبخانەکــە، کاتێــک ئــاوڕی لەمــن دایــەوە، مــن لــەوێ نەمابــووم.. لەبــەر دەرگاکــە ئــەوم بینــی کــە ئــاوڕم لــێ دەداتــەوە.

خــۆم کــرد بــە باخــە بچکۆلەکــەی بەردەمــی کتێبخانەکــەدا، ئەویش وای دەرخست لەژێر سێبەری

درەختێـک دەوەسـتێت چاودێـری هاتـن پیاسـەکە دەکات.. نەدەکرا لێـی نەڕۆمـە پێشـەوە، لـە کاتێکدا هیـچ هۆکارێکیـش نەبوو بۆ قسـەکردن، بـەڵام دەکرا بیانوویـەک بدۆزمـەوە تـا شـتێکی لەگـەڵ بڵێـم، ڕێک ئـەوەم کرد کـە لەوساتە خێرایـە بـە مێشـکمدا هـات.

مـن دەرهێنـەری فیلـم، خەریکـی فیلمێکـی بەڵگەنامەییـم لەسـەر ژن و کتێـب، ئـەوەی تێبینـی دەکـەم زۆربـەی ژنـەکان خەریکـی نووسـینی شـیعرن، کەچـی کتێبەکـەی بەردەسـتی تـۆ سـەرنجی ڕاکێشـام کـە پێـم وابـوو تـۆ کتێبـی «یارانـی ئەشـکەوت» بخوێنیتـەوە، ئـەو بـەدەم خەندەیەکـەوە باسـی لـەوە کـرد، بـۆ ئـەو سـەیرە هونەرمەندێـک ئـاوا بەهـۆی پۆشـاکەوە حوکـم لەسـەر ئاسـتی خوێندنـەوە بـدات.

سـەرەتایەکمان دۆزییـەوە بـۆ قسـەکردن، کـە ڕێگەکانـی دوای ئـەوە پەکـم ناکەوێـت، چونکە ئێسـتە دەتوانـم لـە کافتریـای ئەوبـەری شـەقامەکە بەبیانووی قاوەیەکـەوە لەگەڵـی دابنیشـم، وەک ئـەوەی هەسـتی بـە پلانەکـەی مـن کردبێـت، نەیهێشـت دەم بکەمـەوە، وتـی «ببـوورە ئـەوە پاسـەکە هـات.. دەبێـت مـن

بـڕۆم» ئـەوەی وت و ئیـدی لەبەرچـاوم ون بـوو.

ڕۆیشـتنی کچـەی نـاو کتێبخانەکـە، نـەک تەنیـا پلانـی ئـەو فیلمەیشـی لـێ تێکـدام، بەڵکـو ناچـاری کـردم بیـر لـە پـڕۆژەی سـێیەم بکەمـەوە، کەسـێک هەسـتی بـە نیازەکانـی مـن بکردایـە، دەیـووت «تـۆ و فیلـم دروسـتکردنیان نەوتـووە، تەنیـا قسـەت هەیـە، ناتوانـی فیلـم دروسـت بکەیـت» ڕاسـتییەکەی خۆشـم هەندێکجـار گومانـم لـە توانـای خـۆم دەکـرد، کەچـی دەنگێـک لـە ناخمـەوە، پێـی دەگوتـم توانـای دروسـتکردنی فیلمێکـی گرنگـم هەیـە، بـەڵام ئـەو دەنگـە کـێ بـوو ئـاوا هێـزی پێدەبەخشـیم؟ لـە ناخـی خـۆم بـوو یـا کەسـێک بـوو وەک تارمایـی بەسـەرمەوە بـوو؟ خۆیشـم نەمدەزانـی ئـەوە دەنگـی کێیـە، ڕاسـتیتان دەوێـت دەنگەکـە هێنـدە بـە مـن نامـۆ بـوو، هەرگیـز خاوەنـی دەنگەکـە ڕووخسـارێکی نەبـوو بـۆ ناسـینەوە.

ئێسـتە ئـەوەی بـۆ مـن گرنگـە بیرکردنەوەیـە لـە سـێیەم فیلـم، تکایـە شـۆخیم لەگـەڵ مەکـە، مەڵـێ دوو فیلمەکـەی تـرت زۆر جـوان تـەواو کـرد، جا نۆرەی

سێیەمە. پێش ئەوەی باس لە فیلمی سێیەم بکەم، خەیاڵم دەڕواتە سەر فیلمێک کە لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەم بینیوومە، هەڵە نەبم فیلمەکە ئەکتەری سەرەکی ژنە ئەکتەر ئۆڕنێللا موتی بوو، فیلمەکەیش بەناوی «سێ چیرۆک لە ئیتاڵیا» بوو، سیناریۆی فیلمەکە بریتی بوو لە سێ کورتە فیلم، هەر فیلمێک پێوەندی بە فیلمی ترەوە نەبوو، بەڵام لە کۆتاییدا ڕووداوێک دروست دەبوو، هەموو ئەکتەرەکانی هەرسێ فیلمەکەی کۆ دەکردەوە.

دەی منیش دەتوانم هەمان شت بکەم، فیلمی سێیەمم کۆکردنەوەی هەردوو فیلمەکەی تر بێت، بە واتای دوو کارەکتەری سەرەکی هەبێت، یەکەمیان نووسەری ڕۆمانەکەیە، ئەویتریش کچەی لەناو کتێبخانە گشتییەکە کتێبی «ژن وسێکس» دەخوێندەوە، هەرچەندە هەردوو کارەکتەرەکە تا ئێستە ونن، یەکەمیان ناوی لەسەر بەرگی ڕۆمانەکەی نووسراوە، ئەویتریش خۆی کرد بە پاسەکەدا و ون بوو.

هەندێـک جـار پێویسـتە بـێ شـەرم بیـت، دەبـوو بەدوایـدا بچوومایـە بـۆ نـاو پاسـەکە، بـە ئاسـانی دەسـتبەرداری نەبوومایـە، ئێسـتە تاکـە ڕێگایـەک لـە بەردەمـی منـدا بێـت، تەنیـا ئەوەیـە ڕۆژانـە لـە کتێبخانـە دابنیشـم، بەڵکـو ڕێکەوتـی ئـەو بکـەم، بەدڵنیایـی ئەمجـارە بێـت بـە ئاسـانی دەسـتبەرداری نابـم، بـەڵام ئەوانـە شـتێک نیـن، ئـەوە سـێ هەفتـەی تـەواو تێپەڕیـوە بەسـەر دوا بینینـی، لـەوە دەچێـت لـەو کچانـە بێـت سـاڵی جارێـک سـەردانی کتێبخانـە بـکات و خوێندنـەوەی کتێبێـک تـا سـاڵێک باسـی بکاتـەوە.

لەبـەردەرگای کتێبخانەکـە وەسـتاوم، بیسـت و یـەک ڕۆژ بـەر لـە ئێسـتە ئـەو لێـرە بـوو، پلانەکـەم بیـر دێتـەوە کـە نەمتوانـی بەبیانـووی قاوەخواردنەوەیـەک دابنیشـین، باشـتر وایـە قاوەکـەم بەتەنیـا بخۆمـەوە، ڕەنگـە هێمـن ببـم و بتوانـم باشـتر بـەدوای ڕێـگا چارەیەکـدا بگەڕێـم.

هەمـان بیرۆکـە لـە تێپەڕیـن و پەڕینـەوە بـە شـەقامدا، ژنـە ڕۆماننووسـەکەم بیـر دێنێتـەوە، ئـەو

لە پێشەکی ڕۆمانەکەدا، نووسیویەتی «کتێبێک لە چاپخانە دەردەچێت و لەسەر شۆستەکان دادەنرێت، ئیدی شەقام لە نووسەرەکەی قەدەغە دەکرێت» خەیاڵم بۆ ئەو وێنەیە دەچێت، دەبینم گەیشتوومەتە بەردەرگای قاوەخانەکە، دەستم ناوە بە دەرگاکەوە تا لێی بچمە ژوورەوە. قاوەخانەیەکی بچکۆلە پێنج مێزی خڕی تێدایە، دوو خانم شوێنەکە بەڕێوە دەبەن، بە دەم خەندەوە قاوە لهسەر مێزەکان دادەنێن، لەوە ناچێت مێزێکی بەتاڵ هەبێت، لە سووچەکەدا کە مێزی پێنجەمی لێیە، دەستێک ئاماژەم بۆ دەکات کە بچم لەوێ دابنیشم، بەهۆی ڕووناکی کزی قاوەخانەکەوە، باش ناتوانم سیمای ببینم، کەچی وای دەردەخەم دەیناسم و خەندەیەکی دروستکراو دەخەمە سەر لێوم، بێ هیچ تەماشاکردنێک بەدەم سڵاوهوە لە کورسییەکەی بەرانبەری دادەنیشم، ئێستە کە دەتوانم باشتر ببینم و سەربەرز بکەمەوە، ئەوبوو کچە لەچکبەسەرەکەی کتێبی «ژن و سێکس»ی دەخوێندەوە. هێندەی نەمابوو لە خۆشییا باڵ بگرم و بفڕم، لە گەنجێکی هەرزەکار دەچووم کە

یەکەمجـار بێـت کچێـک لەگەڵـی بچێتـە کافتیریـا، هەڵسـامەوە دەسـتم بـۆ تەوقەکـردن درێـژ کـرد، لێـی ڕوانیـم و بـێ ئـەوەی هەسـتێتەوە، گوتـی «کچێـک کتێبـی یارانـی ئەشـکەوت بخوێنێتـەوە تەوقـە دەکات؟»

کچێـک کتێبـی ژن و سـێکس بخوێنێتـەوە… ببـوورە مەبەسـتەکەم بـە هەڵـە وەرمەگـرە، سـێ پەنجـەی بـۆ تەوقەکـردن خسـتە نـاو دەسـتم، وەک ئـەوەی بترسـێت ون بێـت دانیشـتمەوە، بانگـی فنجانێـک قـاوەی ئێسپریسـۆی بـۆ کـردم. بێدەنگیـەک هەردووکمانـی داگیـر کـرد، وەک ئـەوەی نەزانیـن لـە کوێـوە دەسـت پـێ بکەیـن، دەسـتێک بـە فنجانێکـەوە کەوتـە نێوانمـان، کچـی کافتیریاکـە فنجانەکـەی خسـتە بەردەمـم، لەگـەل پەرداخێکـی پلاسـتیک کـە تـا نیـوەی ئـاوی تێکرابـوو، ژێـری فنجانەکەیـش نوقلێکـی لەسـەر بـوو.

ئـەوە بیانوویەکـی بـاش بـوو بـۆ شـکاندنی بێدەنگـی، نوقڵەکـەم بـۆ ئـەو ڕاگـرت وتـم «مـن ڕاهاتـووم هـەر بەتاڵـی بیخۆمـەوە» ئێمـەش نوقڵەکـە دەخۆیـن

تـا وەک تـۆ کەمێـک شـیرین بیـن. پێکەنینێـک هەردووکمانـی داگیـر کـرد، هەوڵمانـدا دەنگمـان دەرنەچێت، دەبـوو هەرچۆنێک بێـت ئـەو پێکەنینـە خنـکاوە بـە باسـێکی تـر بگـۆڕم.

سـێ هەفتـەی تـەواوە لـە کتێبخانەکـە چاوەڕێـم دەربکەویت.. هیـوادارم قسـەکانم بـە لاڕێدا نەتبـات، مـن خەریکـی فیلمێکـی دیکۆمێنتاریـم.. دەکرێـت بەشـێکیان لەسـەر ئـەو بابەتـەی تـۆ بێـت کـە شـیعر ناخوێنیتـەوە و بـەلای کتێبـی گێڕانـەوە و باسـی فیکریـدا دەڕۆیـت، بەشـەکەی تریشـی لەبـارەی نووسـەری کتێبـی ژن و سێکسـە.

هێمنییـەک کەوتـە سـەر ڕووخسـاری، چاوەکانـی لەسـەر کاغـەزی نوقڵەکـە هەڵگـرت، بـۆ تاوێـک لێـم ڕامـا، جـا نووسـەری ئـەو کتێبـەت دەسـت دەکەوێت؟ نـا بێهیـوا بوومـە لـە ناسـینی. کەچـی بـۆ تاوێـک بـە پرسـیارێک ڕایگرتـم، پرسـیارێک هەرگیـز مـن بیـرم لێـی نەکردبووهـوە:

باشـە هەمـووان بـەدوای ئـەو ژنـەدا دەگەڕێـن، تـۆش

دەتەوێت بیکەیت بە پاڵەوانی فیلمەکەت، تا بیناسن و بە کوشتنی بدەیت؟ بەڕاستی من زۆر ساویلکانە سەیری ئەو بابەتەم کردبوو. کێ دەڵێت تۆ لەلایەن ڕێکخراوی خانمان ڕا نەسپێردراویت تا ئەو ژنە بدۆزیتەوە؟ ببوورە کە وا دەڵێم، بەڵام خوێندنەوەی کتێبێک بۆ من مانای وا نییە ببم بە پاڵەوانی فیلمێک، بیرت نەچێت دەرکەوتنی من لەسەر شاشە، قسەکردن لە کتێبێک لەبارەی ژن و سێکس، واتە تەیارکردنم بۆ فەلاقەکردن و کووشتن.

نەمدەزانی چۆن سەر مێزەکە جێبێڵم.. هێندە تەریق ببوومەوە، چاوم دەگێڕا کە مەودای مێزەکە و دەرگاکە چەندە، تا بیانوویەک بۆ ڕۆیشتن بدۆزمەوە، هەموو گیانم شەلالی ئارەقکردن بوو، لەپڕ بە ئاگا هاتمەوە، کە چەندان مانگە بەهۆی ئەو فیلمەوە ژیانم لە خۆم تێکداوە، ئێستە هەرچۆنێک بێت دەبێت بگەمە ئەنجامێک، بەدوای بیرۆکەی هونەری دەگەڕام، لە پڕ وا هاتە مێشکم پلانی دەرهێنانەکەم بگۆڕم، ئێستە بەو بڵێم

فیلمەکـە چـۆن دروسـت دەکـەم.

دەکرێـت تـۆ لەسـەر کورسـییەک بیـت پشـتت لـە کادیـر بێـت، چاوەکانـی بەشـێوەیەکی سـەیر کرانـەوە، برۆکانـی بـەرز بوونـەوە «کادیـر چییـە؟» ببـوورە مەبەسـتم شاشـەی کامێرایـە، کەچـی وەک ئـەوەی ئـەو پێویسـتی بـە تێگەیشـتن بێـت لـە هەمـوو وردەکارییەکـی کارەکـەم، پرسـی «ئـەی ژنـە ڕۆماننووسـەکە چـی لـێ دەکەیـت؟ خـۆ ئـەوت بـۆ نادۆزرێتـەوە؟»

بـەدوای ئـەو پرسـیارە هەسـتم کـرد ئـەو ڕازیـە ببێـت بـە پاڵەوانـی فیلمەکـەم، بـەڵام ئـەوەی بـۆ مـن سـەیر بـوو پاڵەوانێـک ڕووخسـاری دەرنەکەوێـت بـۆ ڕازییـە کارێکـی وا ئەنجـام بـدات؟ ئـەو وەک دەسـتی ژنێـک نیشـان دەدەم کـە کتێبەکـەی دەنووسـێت، دواتـر کتێبەکـەی بـە تەنیشـت فنجانێـک قـاوە و مۆمێکی کز دەخەمـە ڕوو.. کەسـێکیتر قسـە بـکات، ڕووخسـاری لەنـاو تاریکـی ون بێـت و نەناسـرێتەوە، گـەر تـۆ کارەکـەم لەگـەڵ بکەیـت ئەوانـە خەمـی منـن، دەزانـم چـۆن چارەسـەری دەکـەم.

تاوێکی تر بێدەنگیەک داگیری کردینەوە، فنجانەکەی بەردەمم بەتاڵ بوو، فنجانەکەی ڕاکێشایە پێش خۆی «دەڵێی چی فنجانێکت بۆ بگرمەوە؟» ئێستە نا کاتێکی تر، ئێستە تەنیا بەڵێنم بدەرێ، کارەکەم لەگەڵدا ئەنجام بدەیت.

ئەو کارەی تۆ دەستت داوەتێ، چەندە بەگرنگی دەزانم.. هێندەش کارێکی پڕ مەترسییە، تەنانەت خۆشت ڕووبەرووی سەرکێشی دەکەیتەوە، جگە لەوە پێویستە لە دارشتنی پلانی کارەکە بەیەکەوە بینووسینەوە، گەر تۆ لەوەدا کێشەیەکت نەبێت، من ناتوانم کارێک بکەم کە لە سەرکەوتنی دڵنیا نەبم.

ئەوە یەکەمجارە کەسێک بیەوێت سکێجی کارێکی دیکۆمێنتاری لەگەڵ من بنووسێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕازیبووم، چونکە هەستم دەکرد کارەکە بەو شێوەیە توانای ئەوەی هەیە بەرەو ئاراستەیەکی درامی هەڵکشێت، بەتایبەت کە دەمویست لەپاڵ دیکۆمێنتەکان هێلێکی درامیشی تێدا دروست بکەم. هەردوولامان لەسەر ئەوە

ڕێککەوتین هەفتەی داهاتوو لە کتێبخانەی گشتی یەکتر ببینین، گفتوگۆی سیناریۆکە بکەین.

هەفتەیەکم لە بەردەمدا بوو تا بتوانم هەموو گۆڕانکارییەکان لە سکێچی کارەکە ئەنجام بدەم، دوو ژن لە فیلمەکە دەبن بە کارەکتەر، یەکێکیان نووسەری کتێبەکەیە، ئەویتریش خوێنەری کتێبەکەیە، کتێبی نهێنییەکان، سزای نووسین و خوێندنەوەی مەرگە. لەو ساتە گەر تۆ خوێنەری ڕۆمان و بینەری فیلم بیت، زۆر بە ئاسانی فیلمەکەم بەرەو لای خۆی ڕاتدەکێشێت، لەو ساتە نووسینەکانی لۆرانس و ئەو چەند فیلمە سینەماییەت دێنێتەوە یاد کە لەبارەی مارکیز دی ساد دروست کراون، بەتایبەت فیلمی «پەڕەمووچەکان» کە چۆن سزای خوێندنەوەی کتێبێک مەرگە و نووسەرەکەیشی ڕووبەرووی ئەشکەنجە و زیندان دەبێتەوە. لە کاتێکدا هەموو ئەوانەی لە کتێبەکەدا هەن قەشەکانی کلێسا خۆیشیان پیادەی دەکەن، بە نموونە ئەو کچە مناڵکارەی پیاوێکی ئاینی دەیکات بە هاوسەری

خـۆی، لـەوە دەچێـت ئـەو کتێبـەی منیـش فیلمـی لەسـەر دروسـت دەکـەم، هەمـان زیندەگـی خـۆی بژیـی، لـە داهاتـوودا دوور نییـە لـە بـری فیلمـی دیکۆمێنتـاری، ڕۆمانەکـە وەک خـۆی بکرێتـە فیلمێکی سـینەمایی.

سـیمای دوو ژن کـە ونـن یەکێکیـان نووسـەر و ئەویتـر خوێنـەر، نابێتـە خەوشـی کارەکـە، هێنـدەی وەک تـرس لـە مـردن ئـەوان ونن، بـەڵام لـە ڕاستیدا چیرۆکـە ڕاستـەقینەکە و مرۆڤـە بکوژەکانـی شـەیدای خوێـن و سێکسـن، بـۆ خۆیـان دەبنـەوە بینـەری فیلمەکـە.

# پێشەکی
# کتێبی ژن و
# سێکس

ئـەوە پیاچوونەوەیـە بـە لاپـەڕە پەرشـەکان، ئەوانـەی لـە زهنـدا بـڵاو بوونەتـەوە، کتێبێـک کۆیـان دەکاتـەوە، شـکاندنی خەونــی کچێکــە، تێکشــکاندنی جەســتەیە لـە کردارێکـی خۆشەویسـتیەوە.. بـۆ نیازخراپـی پیـاو، ئـەوە دانپێدانانەکانی ژووری نووسـتنە، ئەوانەی هەرگیز نەگوتـران و لەنـاو نووسـیندا دەوترێـن، دەرگاکردنەوەیە لەسـەر کتێبخانـەی ژیانـی نووسـەر و هونەرمەندانی ئەو وڵاتـە، لەپـڕ هەندێـک چیـرۆک دەرگا لـە چیرۆکـی تـر دەکەنهـوە، پیاوێکـی ئاینـی قسـەزان هێمنانـە دەدوێت، تـا سـەرنجی ژنـەکان بـۆ خـۆی ڕابکێشـێت، بتوانێـت ژنێکیتـر بکاتـە هاوسـەر، کـە ژمـارە لـە چـوار تێپـەڕی، یەکێکیان بە بیانووی نەخۆشـی یان منداڵنەبوون تەڵاق بـدات، سـەرەنجام ئـەو وردە چیرۆکانەیـش هـەروەک چیرۆکـە سـەرەکییەکان یـەک وێنـە بـۆ مـن دروسـت دەکـەن، پیـاو جگـە لـە سـێکس هیچیتریـان ناوێـت،

بـەڵام کەسـیان تەنانـەت ئـەو کاتانـەی بەسـەرمەوە بـوون کـە ڕەحەتیـش دەبـوون، قـەت نەیانپرسـی ئـەو ژنـە چـی دەوێـت؟.

سەرسـامی مـن بە کتێـب و کارە هونەرییەکان دنیایەکی پڕ لە شـاعیری و جوانیناسـی لەلا دەخولقاندم، ناسـینی ئـەوان دۆزینـەوەی خـۆم بـوو لەنـاو تابلـۆی یەکێـک لـە ڕۆمانێکدا ئـەو عەشـقە خەیاڵیـەی ویسـتویەتی مـن بـم ئـەو کچـە، سـەرەنجام شـیعر و تابلـۆکان ونیـان کـردم، منێـک کـە دەمویسـت لە بەهـاردا مۆسـیقاژەنێک بمباتە سـەیران، بـەدەم سـەیرکردنی چاوەکانـم، کەمانەکـەی بگرێتـە دەسـت و مۆسـیقای جوانیـم بـۆ بژەنێـت، نـەک سـێ سـێت بیرە دابنێت و وردە وردە دەسـت بۆ لەشـم بەرێت.

ئاخـر کـە دەسـتی دەبـرد پەنجەکانـی پەنجـەی مۆسـیقارێک نەبـوو، پەنجـەی فەرماندەیەکـی سـەربازی بـوو کـە بەتوڕەییـەوە ژێـی مۆسـیقای دڵمـی ڕادەکێشـا و دەیپچڕانـد. کاتێـک پیـاوەکان خاڵیـان کردمـەوە لـە خـۆم، بوومـە بوونەوەرێـک لـە ئەزموونـی هـەر یەکێکیـان چاوەڕێـی دۆزینـەوەی ئـەو پیـاوە شـاعیرە

بـووم، سـەرەنجام هەموویـان یـەک شـتیان دەویسـت، وەک مـن یـەک شـتیان دەویسـت، مـن ئـەو عەشـقە خەیاڵیـەم دەویست، ئەوانیـش جەسـتەمیان دەویسـت، تـا ئـەو کاتـەی لێـم تێردەبـوون.

وایـان دەشـکاندم ئیـدی هـەر یەکێکیـان بەشـێک لـە جوانـی تێـدا دەکوشـتم، نووسـەر و هونەرمەنـدەکان بـوون جوانیـان لـە منـدا کوشـت، سیاسـییە دینیـەکان بـوون تووشـی بـێ بڕواییـان کـردم، لـە منـدا خودایـان کوشـت، هەموویـان پێکـەوە لـە زهنمـدا تابلۆیەکیـان دروسـت دەکرد، تابلۆیـەک بـە قەبـارەی گـەورە پڕبـوو لـە پیـاو.. منیـش بـە ڕووتـی لەنێویانـدا بـووم، لـە هـەر کۆلانـی ڕەنگێکـی تابلۆکـەدا.. ڕەنگێکـی پرتەقاڵـی دەبـووە ماڵـی مـن، تـا شـەهوەتی هونەرمەندێـک دەڕژایـە سـەر ڕەنگەکـە و پرتەقالـی دەکـرد بـە ڕەنگێکـی خۆڵەمێشـی، خۆم دەخالەتی شـارۆچکەیەکی ڕەنگێکـی سـوور دەکـرد، کـە لـە شـێوەی گوڵێـک بـوو، لـە فالانتایـن شـاعیرێک دەیـدا لە قـژم، ئێـوارەی هەمان ڕۆژ هێنـدەی ڕووت کردمـەوە، تـا ڕۆحیشـم بەدەسـتی ڕووت بووهـوە، ڕەنگـی سـووری نـاو تابلۆکـە بووبـوو بە

پنتێکی ڕەش.

ئـەو تابلۆیـە زادەی خەیـاڵ بـوو.. کەچـی دەمویسـت بـە ڕەنـگ بیکێشـم، نەبوونـی توانـای نیگارکێشـان هەوڵەکەمـی پـووچ دەکـردەوە، نەشـدەکرا وەک کچێکی ترسـنۆک ڕەفتـار بکـەم و خـۆم بکوژم، ئاخـۆ دەمتوانـی بێدەنـگ بـم، ئـەو قۆناغـەی ژیـان بخەمـە نـاو تاریکییـەوە؟ ئاخـر ڕاسـتە ئـەو هەمـوو داهێنـەرە درۆزنـە ڕاسـتییەکانیان ئاشـکرا نەبێـت، هـەروا ئـەو وێنـە باڵایـە بـۆ کچانـی وەک مـن دروسـت بکـەن، کـە لـە بنەڕەتـدا وێنەیەکـی سـاختەکارو درۆزنانەیـە.

ئـەو بیرۆکەیـە بـەرەو نـاو نووسـینی بـردم، تـا ئـەو چیرۆکـە نهێنیانـە وەک بەڵگـەی ژیانـی نووسـەر و هونەرمەنـدی ئـەو وڵاتـە بنووسـمە، چونکـە دەزانـم خۆیـان ئـەو بوێرییەیـان نییـە.. لـە دیمانەکانـدا بچنـە سـەر ئـەو بەشـە تاریـک و شـاراوەیەی نـاو ژیانـی خۆیـان، بۆیـە لەبـری ئـەوان ئـەو ئەرکـەم گرتە ئەسـتۆ، چیرۆکـی ژیانـی سێکسـییانم نووسـییەوە، تـا جگـە لـە نووسـین و هونـەر، وێنـەی واقیعیشـیان بـۆ جوانـی و ژن بکەوێتـە بەرچـاوی هەمـووان. هیـچ گومانـم لـەوە نییـە

چەندە ئەوان حەز بەو کارە ناکەن، تۆی خوێنەریش سەرەتا بە حەسرەتەوە دەیخوێنیتەوە، دواتر تۆش دەکەویە گلەیی و بڕوات وایە نەدەبوو کتێبی وا بنووسرێت، بەڵام پێش ئەو قسانەت ئەوە بزانە ئەو کتێبە پێویستییە و هەر نەبێت با ژنەکەت یا کچەکەت وەک من فریویان پێ نەخوات. لێرەوە ئەو چەند وشەیە وەک پێشەکییەک دەرگا لە چەندان چیرۆکی نهێنی شاراوە دەکاتەوە، بەڵام ئەوە چیرۆکی خەیاڵی نییە، هێندەی نووسەرەکەی چیرۆکەکانی ژیانی ڕاستەقینەی خۆی نووسیووەتەوە، نووسەرێک ناتوانێ ناوی خۆیشی بخاتە سەر کتێبەکەی نەبادا لەسەر شەقام ژیانی لێ تاڵ بکەن، بە پەنجە ئاماژەی بۆ بکەن و بڵێن «ئەها ژنە قەحپەکە»

ڕێکخستنەوەی سیناریۆ و پلانی کارەکە لە ئەنجامی گفتوگۆی نێوانمان دەرگای لەسەر نهێنییەکی نوێ کردهوە، نووسەری کتێبەکە ونە، خوێنەرەکەیش ناکرێت ئاشکرا بێت، هەردووکیشیان ژنن، کەوایە دەکرێت وەک یەک کارەکتەر قسە لە دیکیۆمێنتی پیاوەکان بکات.. بەدوای بلاوبوونەوەی کتێبەکە،

چیرۆکـی کچـه خوێنەرەکەیـش وەک بەشـێکی نـاو چیرۆکـەکان نیشـان بدرێـن، ئێسـتە کێشـەی پلانـی کارەکـە تـەواو بووبـوو.. تەنیـا کاتـی وێنەگرتنەکـەی مابـوو، لەگـەڵ کۆمپانیایەکـی بەرهەمهێنانـی فیلـم و کلیـپ ڕێککەوتیـن، گرێبەسـتێکمان ئیمـزا کـرد، نیـوەی پـارەی گرێبەسـتەکم وەرگـرت، بڕیـار بـوو لە شـوقەکەم دەسـت بکەیـن بـە وێنەگرتـن.

ڕۆژانـە ماوەیەکـی زۆر گفتوگۆمـان دەکـرد، سـەیری ئـەو دیدارانەمـان دەکـرد کـە لـە میانـی خۆپیشـاندانەکان تۆمـارم کردبـوون، هەڵچـوون و تووڕەبوونەکانـی مـن بەشـێوەیەک بـوو کچـەی خوێنـەری کتێبەکـە هێنـدەی لـە سـیمای منـی دەڕوانـی، هێنـدە دیـداری گفتوگـۆ تۆمارکـراوەکان سـەرنجی ڕا نەدەکێشـا، هـەر کاتێـک سـەیری تەلەڤزیۆنەکـەی دەکـرد، پێکەنینێکـی سـاختە، نهێنیەکـی شـاراوە لـە چاوەکانـی بـەدی دەکـرا، کامێراکـەم لـە سـووچێکی ژوورەکـە دادەنـا، لەنـاو تاریکیەکـدا ڕووناکـی دەکەوتـە سـەر ژنێـک کـە سـیمای تاریـک بـوو، پێشـەکی کتێبەکـەی دەخوێنـدەوە، لەبری نووسـەری کتێبەکـە باسـی لـەوە دەکـرد.

چـۆن ویسـتویەتی پـەردە لەسـەر ژیانـی ڕۆشـنبیران هەڵبداتـەوە، ئـەو پیاوانـەی وەک ڕەمـزی وڵات سـەیری دەکـردن، کەچـی ئـەوان سـەرمایە نەبـوون، بەڵکـو پڕبـوون لـە گرێـی دەروونـی، نووسـین بـۆ ئـەوان شـاردنەوەی قسـەکردن بـوو، لەنـاو نوێنـدا نووسـین دەمـرد و قسـەکردن زینـدوو دەبووهـوە.

مەحمـوودی قـادری شـاعیری ناسـراوی ئێمـە کـە وەک ئازادیخـوازی بزووتنـەوەی ڕابەرایەتـی ژنـان، لەنـاو خۆپیشـاندەران بـوو، تەنیـا خـۆی دەیزانـی سـنووری ئـەو ئابڕووچوونـەی چەنـدە، ئـەو شـاعیر نەبـوو لـەو کتێبـەدا لـە هیتلەرێـک دەچێـت، هێنـدە داگیـرکارە، چێـژ لـە قسـەکردنێک دەبینێـت کـە کـەس ناتوانێـت بـڕوا بـکات، شـاعیرێک هێنـدە بیماربێـت بـۆ سـێکس.

کەچـی کاتێـک لە ڕیزی خۆپیشـاندەران بـوو، وێنەکانیم تۆمـار دەکـرد.. ئـەو لـە وێنـەی باوکێک قسـەی دەکرد، دەیویسـت تورەیـی خۆپیشـاندەران کـەم بکاتـەوە، ڕۆشـنبیران لـە سـاتی وادا نموونـەی بـاڵای کۆمەڵگەن، لـە ژووری نووسـتنیش، ئـەوان هەرچـی لـە نووسـین دژایەتـی دەکـەن لـە ژیانـدا ئـەو وێنەیـە بەرجەسـتە

دەکەن، کتێبێک ئاوا وەسفی ژیانی رۆشنبیر دەکات، کە بووهتە سەرچاوەی ئەو فیلمەی ئێمە.

رۆژێک بوو سەخت شتەکان دەهاتنە دەست، گەرچی دەمزانی پێوەندی بە سەرەتای کارەکەوە هەیە، لە یەخچاڵەکە دوو پەرداخ شەربەت و چەند پارچە کێکم دەردەهێنا، دەمخستە سەر مێزی ناندینەکە.. لەوێ پشوومان وەردەگرت و گفتوگۆیشمان لەبارەی کارەکانی رۆژی دوایی دەکرد. کەچی کە گوێم لەو دەگرت هەستم دەکرد جۆرە عەشقێکی بۆ کارەکە لا دروست بووە، لە من زیاتر سوورە لەسەر ئەنجامدانی فیلمەکە، رەنگە هۆکارەکەیشی تەنیا ئەوە بێت دڵنیایە مەبەستم لە کارەکە تەنیا فیلمەکەیە، وەک پیاوانی ناو رۆمانەکە بە جەستەی رووت نایبینم. ئەو رۆژە کە ماڵئاوایی لێکردم لەبەردەرگا وتی «هەست دەکەم ئێمە رووی ئەودیوی رۆمانەکە بەرجەستە دەکەین» بە خەندەیەکەوە پێم وت «نووسەرەکەیشی هەر ئەوەی ویستووە لە ناسینی مرۆڤ».

# خانمی
# زووری مەلەفات
# خوشکم نەبوو

ئـەو گەشـتـە تاریکـە لـەو ڕۆژەوە دەسـتی پێکـرد، سـەرەتا وەک ڕاگەیاندنـکار دەچوومـە شـارەوانی، هەواڵـم لـێ وەردەگرتـن، تـازە سـەرەتای کارکردنـم بـوو لـە ڕاگەیانـدن، لەگـەڵ ڕۆژنامەیـەک ڕێککەوتبووم بـە سیسـتمی پادداشـت کاریـان لەگـەڵ بکـەم، لـە ژووری مەلەفاتـی سـەرۆکایەتیی شـارەوانی خانمێکـم ناسـی هێنـد میهرەبـان ڕەفتـای لەگـەڵ دەکـردم، خێـرا مـن وەک خوشـکی گـەورەی خـۆم سـەیرم کـرد، ڕاسـتییەکەی ئـەو وەک خوشـکێکی گـەورە کۆمەکـی دەکردم، تەنانـەت ئێـواران پێکـەوە سـەردانی بنکـەی نووسـەران و هونەرمەندانمـان دەکـرد، بـە زۆر نـاوی گـەورەی ئـەو بـوارەی ناسـاندم، تـا بتوانـم دیمانەیـان لەگەڵـدا سـاز بکـەم، ئـەوە سـەرەتای تێکەڵبوونێـک بـوو چەنـدە دەرگای بۆ ناسـینم دەکـردەوە، هێندەیش

ساویلکانە خۆم لەناو ئەو ناسینە فریوو دابوو، تا ئاستی ئەوەی بیرم چووبوو هەریەک لەوان دەیویست وەک دۆستی خۆی ڕاوم بکات، هێشتا ڕاو نەکرابووم، بەڵام ئەو ڕۆژەی خانمی ژووری مەلەفات بەڵێنی ئەوەی پێدام، بە سەلاح یاسینی ڕۆماننووسم بناسێنێت، ئەوە تەنیا لە خەیاڵ دەچوو، بتوانم لە نزیکەوە ڕۆماننووسێکی وا ناودار بناسم، ئەو ڕۆژەی بڕیاربوو ئەو ببینین، هەردووکمان پێکەوە چووینە ئارایشتگا، وەک ئەوەی بۆ ئاهەنگ خۆمان بڕازێنینەوە، ئاوا دەرکەوتبووین.

ئەوە سەرەتای خەونێک بوو، دواتر بە شکانی ڕاستەقینەی من تەواو بوو، لەو گۆزەیە دەچووم، ئەوەی لە کەوتنە خوارەوە تەواو نەشکام، ئەوە مەحموود قادری شا شاعیر وردوخاشی کردم، ئیتر لە ڕێگەی ئەوانی خوارەوە ویستم جوانی کوژراو بدۆزمەوە، هەر ئەو ڕۆژگارە بوو، تازە عەزیز ناسری شانۆکار بۆ ماوەی سێ مانگ لەسەریەک شانۆنامە سەرکەوتووەکەی نمایش کردبوو، لەژێر ناوی «هەتیووەکانی سەرشەقام»

ئیدی تا ئەو کتێبەم نووسی من دیارترین نووسەر و هونەرمەندانی وڵاتم ناسی، زۆربەیان عاشقم بوون، ڕاستتر بڵێم سوارم بوون، کەچی دوای تێربوون، وەک قادری دەیووت «ژن پێویستی بە پیاوێک نییە دڵی هەبێت، ژن پێویستی بە کێرێکی بەهێزە» پیاو کە ئەو عەقڵەی هەبوو ناتوانی تێیبگەیەنیت، ئەو هەموو درۆیە چییە بەناوی شیعر، دنیای پێ دەخەڵەتێنی، بەڵام ئەوان کە هێندە بە نووسینەکانیان دەنازن، وەک یاسین پێی وتم «تۆ دەبێت شانازی بکەیت لە کەمترین ماوەدا توانیوتە دیداری ڕۆژنامەوانی لەگەڵ ناودارترین ڕۆماننووس ئەنجام بدەیت، ئەوانە لە سەرەتادا دەبوونە هاندەر بە خۆمم دەوت، بۆ ئەوەی دەربکەویت دەبێت ڕازی بیت قوربانی بدەیت، تەنانەت شەوێکیان کە ژنە شاعیرێک دەناسم، بۆ یەکەمجار ژنێک دەدۆزمەوە، بەهەموو ئەوانەی مندا تێپەڕیووە، مەستانە بەخۆمم دەوت «سپێرمی باشترین نووسەر و هونەرمەندی ئەو وڵاتە لەناو مندا ڕژاوە». دواتر تێدەگەم ئەو خانمەی بە خوشکی گەورەی خۆمم دەزانی منی کردووهتە

قەحپە، لە بەرانبەردا خۆی لە زۆر پلە پێ نزیک دەکاتەوە، ئەوە هەر من نەبووم، تەنانەت چەندان کچی تری بردبووە گەلەری شێوەکارێک، تا پۆرترێتی رووتیان بکات و سێکسیان لەگەڵ بکات.

خانمی ژووری مەلەفات لەوە گەورەترە لەو کتێبە بە ناوهێنانی چیرۆکەکانی تەواو بێت، ئەو ئەگەر بە سیانەیەکی رۆمانی باسی بکەیت، هێشتا سیناریۆی فیلمێکی تریشی تێدا دەمێنێت، بۆیە واز لەو دێنم خوا بیبەخشێت.

هەموو ئەوانەی لەو کتێبەدا ناویان هاتووە، زۆر کەم باسیان لێوە کراوە، ئەوە لەو دیدار و دیمانانە زۆر بە روونی دەردەکەوێت، هاواری ئەوان لەسەر شتی ناو کتێبەکان نییە، بەڵکو ترسیانە لەوەی ئەوانەی لەناو کتێبەکان نەنووسراون وەک هەڕەشە هەڵگیراون.

ئەوە سەرەتای نهێنییەکی گەورەی مەهناز عەزیزە کە بە مەهنازی مەلا عەزیز ناسراوە، بۆیە ئەو بە رێکخەری خۆپیشاندەران دەرکەوت، لە

لێدوانەکانیش وەک سەرۆکی بۆردی نارەزایی خۆی دەناساند، کامیراکە کلۆز دەکەمە سەر دەستی کچەی خوێنەر، کە لاپەڕەی کتێبەکە دەباتە سەر ئەو بەشەی لەسەر مەهنازە، لەو بارەیەوە دەڵێت، ئەوەی لە ڕۆمانەکە هاتووە.. ئەوەی لە دیمانەکان دەڵێت بۆ ئابڕوویەک سبەینێ کتێبێک لەسەر تێکۆشەران و شۆڕشگێڕانی وڵاتیش بنووسێت، دەرخەری ئەو ڕاستییە کە مەهناز نهێنی پۆست و پلە و پایەکانی ئاشکرا بێت، خەتە نهێنییەکەی و دۆستە مەکتەب سیاسییەکەی و مێردە گێل و حۆلەکەشی ئاشکرا بێت.

ئاشکرابوونی ئەو نهێنییە وەک زنجیرە هەموویان بەیەکەوە بەستراونەتەوە، کە دەشێت پێوەندی بەو ڕووداوانەیشەوە هەبێت کە ساڵانێک پێش ئێستە باس لەوە دەکرا، لە دواناوەندی سوارەخانی نموونەیی مامۆستای هونەر چەند کچێکی ڕازی کردووە بیانباتەوەماڵەوە و وانەی هونەریان لەوێ پێ بڵێت، دواتر پۆرترێتی ڕووتی کێشاون، تەنانەت ئەوە لە پیشانگەیەکدا بینرا، سێ کچ

بـە رووتـی باوەشـیان بەیەکـدا کـردووە، پەنجەیـان خسـتووەتە دەمـی یەکتـرەوە.

لـە پۆرترێکـی تـردا کچێـک لەنـاو گەلەریەکـی شێوەکاری بەدیار تابلۆیەکی مۆدیلیانی خۆی ڕووت کردووەتـەوە، وەک ئـەو لەسـەر کورسـی دانیشـتووە، تـا تەنیـا وێنـەی چاوەکانـی نەکێشـن، بـۆ ئـەوەی کـەس نەیناسـێتەوە، مەهنـاز کـە دەسـتێکی لـە پشـت ئـەو ڕووداوانەیـە، دەترسـێت هەمـوو ئـەو کارانـەی بـە ئاسـانی ئاشـکرا بـن، لـە هەموویشـی ئابڕووبەرتـر ئـەو گرتـە ڤیدیۆیـەی خۆیەتـی کـە یـەک دەقیقەیـە، لەگـەل فەرماندەیەکـی سـوپا لـە تـۆڕی کۆمەڵایەتـی فەیسـبووک بـڵاو کرایـەوە، بـەدوای کاتژمێرێـک ڤیدیۆکـە سـڕایەوە، هـەر ئـەو شـەوەیش بەرپرسـی پەیجەکـە بـە خنـکاوی لـە ماڵەکـەی خـۆی دۆزرایـەوە.

ئـەو ئەگەرچـی لـە کتێبەکـەدا ڕاسـتەوخۆ نـاوی نەهاتـووە، بـەڵام هەمـوو دەزانـن فەرمانبەرەکـەی شـارەوانی کـە لەپـڕ پۆسـت و پلـە وەردەگرێـت، جگـە لـە مەهنـازی مـەلا عەزیـز کەسـی تـر نەبووە،

بۆیــە ترســی ئــەو ژنــە لەوەدایــە ئەگــەر نــاوی لــە کتێبەکـەدا بهاتایـە، باشـتر بـوو لـە دواخسـتنی، واتـە لـە کتێبێکـی تـردا دەکرێت بـە پاڵەوانـی سـەرەکی، هەمـوو کارە قێزەونەکانـی ئاشـکرا دەبـن، بۆیـە ئـەو ترسـە وایکـرد لـە دووەمیـن خۆپیشـاندان کـە ئێسـتە سـەیری ڤیدیۆکـەی دەکەیـن، بێشـەرمانە دەڵێـت «بە دڵنیایـی وڵاتانـی دراوسـێ لـە پشـت ئـەو کتێبـەوەن تـا فەرهەنگـی کوردیـی بشـێوێنن».

هەردووکمــان چەنــد جارێــک ئــەو ڤیدیۆیــە ســەیر دەکەینـەوە، دەیدەینـە قاقـای پێکەنین، ڕاسـتییەکەی جگـە لـە پێکەنیـن، شایسـتەی هیچ شـتێکی تـر نییە، چونکـە ئـەوە ئەخلاقێکـە لـە ئاغـا سیاسـییەکانیەوە بـۆی ماوەتـەوە.

# باڵندەی مردوو
# لە تابووتی
# کتێبەکاندا

ئەدەبی ڕۆماننووسێک پابەند بە ئاکاری کۆمەڵایەتی، سەرکۆنەی لادان لە نەریتە ئەخلاقییەکان دەکات، ئەوە پێوەری سەرەکی دەرکەوتنی ڕۆمانەکانی سەلاح یاسینە، ئەو ڕۆماننووسەی هەر هێندەی هەواڵی کتێبێکی نوێی بڵاو دەبێتەوە، هێشتا کتێب نەگەیشتووهتە کتێبفرۆشەکان تەواوی تیراژەکەی فرۆشراوە، ئەو لە پشیلەیەک دەچێت خۆی ناوەتەوە تا پارچە گۆشتەکە دەدزێت، نەوسنانە تا نەگاتە سەر ئیسقانەکە دەمی بە خوێنی ناسڕێت، بیرم ناچێت کاتێک لە ئۆفیسەکەی کاتی دیمانەمان دانا، بەشێوەیەک قسەی دەکرد نەتدەتوانی سەرسام نەبیت پێی، هێمنییەک لەودا هەبوو هەستت دەکرد هەموو شتێک لەودا دابەش بووهتە سەر ڕۆحی کارەکتەرەکانی.

کاتێـک دیمانەکـە بـڵاو بووهـوه پێوەنـدی پێـوه کـردم، بەشـێوەیەک ستایشـی کـردم، لـە پەپوولەیەک دەچـووم گـڕی گرتبێـت و لەنـاو ئاگـر بفڕێـت، دوا ڕسـتەی ئـەوه بـوو «گـەر پێـت خۆشـبێت دەتوانـی ئـەم ئێوارەیـە سـەردانی ئۆفیسـەکەم بکەیـت، تەواوی ڕۆمانەکانـی خۆمـم بەدیـاری بـۆ داناویـت» جـا کـێ هەیـە دیـاری وا بـە نـرخ ڕەت بکاتـەوه؟ بەتایبـەت کەسـێکی وەک مـن، لـە ژیانـم خەونـم بینـی بـوو، ڕۆژێـک ڕۆمانێکـی ئـەو لـە کتێبخانەکـەم هەبێـت، هەمیشـە دەچـووم لـە کتێبخانـەی گشـتیی ڕۆمانێکـی ئـەوم بـۆ هەفتەیـەک وەردەگـرت، دوای خوێندنـەوه دەبـوو بیگەڕێنمـەوه، کەچـی ئێسـتە دەبـم بـە خاوەنـی تـەواوی ڕۆمانەکانـی.

نازانـم چـۆن خێـرا خـۆم گەیانـدە نـاو پاسـەکە و گەڕامـەوه ماڵـەوه، دایکـم خواردنـی ئامادەبـوو هـەر بەسـەر مەنجەڵەکـەوه چەنـد یاپراخێکـم خـوارد، خـۆم کـرد بـە حەمامەکـەدا، نەبـادا بـۆن ئارەقـم لـێ بێـت، ڕۆبەکـەم لەخـۆم پێچـاو هاتمـە دەرەوه، دایکـم وتـی «چییـە دەڵێـی مەوعیـدی دڵداریـت هەیـە؟».

بــە تریقانــەوەوە باوەشــم لێــدا، جــا دڵــداری کــەی چێــژی وا گەورەیــە، گەورەتریــن ڕۆماننــووس کتێبەکانــی خــۆی بەدیــاری پیشکەشــم دەکات، ئــەوەم وت و چوومــە ژوورەکــەم، قــژم موجەفیفــە کــرد، ســێ ســەعاتیش یــان کەمتــر خەریکــی ڕووخســارم بــووم، دواتــر قاتێکــم هەبــوو وابزانــم یەکەمجــار بــۆ ڕۆژی لەدایکبوونــم لەبــەرم کردبــوو، ئــەوە دواهەمیــن جاربــوو لەبــەری بکــەم، عەترێکــی کەمــم لەخــۆم دا، تــا بیشــارمەوە کــە دیدارەکــەم زۆر بــۆ گرنــگ بێــت، تەکســییەکم گــرت، خەیاڵــم لای ئــەو دیــدارە بــوو، کاتێــک ستایشــم دەکات چــۆن وەڵام بدەمــەوە، ئاخــۆ پێویســت دەکات ستایشــەکانی بــە گرنــگ نەبینــم، لــەو خەیاڵانــە بــووم، لــە ئاوێنــەی شــوفێرەکە بینیــم، شــوفێری تاکســییەکە زۆر بە قوڵی لێم ورد بووهتەوە، کاتێــک زانــی منیــش ســەیری دەکــەم، بێدەنگییەکــەی کووشــت «زۆر دڵخــۆش دیاریــت ڕۆڵــە، ئــاگاداری جوانیەکــەت بــە، ماڵــت کاول نــەکات» ئــەوە تاکــە شــتێک بــوو نــە بیــرم لێــی کــردەوە، نــە بــۆم گرنــگ بــوو، چونکــە گەیشــتبوومە بــەر دەرگای ئۆفیســی ڕۆماننووســە ناســراوەکە.

بەسەر پەیژەکان سەرکەوتم، سکرتێرەکەی پێشوازی لێکردم و کردمیە ژوورەوە، بەشێوەیەک بەرەو ڕووی یەکتر بووینەوە کە شەرم نەبێت و ناسین هەبێت «لە ڕاستیدا نەمدەزانی کچێکی گەنجی وەک تۆ ڕۆژنامەنووسێکی هێندە بە توانا و وردبینیت» بە سوپاسێکی ئاسایی وەڵامم دایەوە، ئەو درێژەی بە قسەکانی خۆیدا «بەم بۆنەیەوە پێمخۆشبوو تەواوی ڕۆمانەکانی خۆمت بەدیاری پێشکەش بکەم» زەرفێکی گەورەی دایە دەستم کتێبەکانی تێدابوو، ئەوە ئەو کاتە بوو کە ژوورەکەیم بەجێ دەهێشت، ئەو ژوورەی دواهەمین جاربوو وەک ڕۆژنامەنووس لێی دەهاتمە ژوورەوە.

نەمدەویست بگەڕێمەوەماڵەوە، چونکە کاتی ئەوەم نەبوو وەڵامی پرسیارەکانی دایکم بدەمەوە کە چیم کرد و ڕۆژەکە چۆن بوو؟ ئاخر چۆن دەکرا پێی بڵێم کەوتوومەتە جوامێری و ئەوینی ناسراوترین ڕۆماننووس، دەمزانی هەر بۆ خۆشی چەمۆڵەیەکی لێم دەنا و دەیووت «دانیشە سەرتتاشن، ئەوە لە کوێ دێتە خوازبێنی تۆ» سیمام هێندە

گەشایەوە گەیشتبوومە بەردەم پارکە بچکۆلەکەی بەردەرگای کتێبخانەی گشتی، دەرفەتم هێنا کەمێک لەوێ دانیشم، لەسەر کورسییەکی درێژ کە وەک نەریت لە پارکەکان دانراوە، زەرفەکە و جانتاکەم لە تەنیشت خۆم دانا، کەمێک بیرم لە دیدارەکە کردەوە، ئەو ساتانەم بیر دەهاتەوە، چۆن بە قووڵی سەیری چاوەکانمی دەکرد، کاتێک قسەی بۆ دەکردم، زەرفەکەم گرتە باوەشم، بۆنی دانیشتنی ژوورەکەی گرتبوو.

بەترسەوە یان وەک ئەوەی هێشتا باوکم نەمردبوو.. کاتێک بوولبوولێکی بۆ هێنامەوە ماڵەوە خستبوویە زەرفێکەوە، دوو کونی بچکۆلەی هێندەی نوکی دەرزیەک بۆ هەناسەدان تێدا کردبووەوە، زەرفی کتێبەکەم وەک زەرفی بوولبوولەکەی منداڵی بینی، دوو بەنرخترین دیاری بوون بۆ من، هیچ کاتێک بیرم بۆ ئەوە نەچوو ئەو دوو زەرفە دەبنە دوو تابووت، بوولبوولەکەم دوای سێ ڕۆژ مرد، خستمەوە هەمان زەرف و خستمە ژێر باخەکەی حەوشە، لەژێر درەختی پرتەقاڵەکە ناشتم.

کە سەلاح یاسین لای من مرد، زەرفەکەم لەناو قوتووی بچووکی دۆلابەکەم دەرهێنا، چیتر بۆنی ئەو دیدارەی لێ نەدەهات، بەڵکو بۆنسارديکی شەهوەتی لێ دەهات، لە بۆنی ماسییەکی مردووی ناو حەوزێک دەچوو، تەواوی ڕۆمانەکانیم خستە ناوی، خستمە تەنەکەی خۆڵەکەوە.

لەو ساتەوە ئەو لە مندا بەیەکجاری مرد، ئێستە لەڕێی ئەو کتێبەوە دەینووسمەوە، لە ڕاستیدا یادەوەری ناگێڕمەوە، هێندەی خراپیەکانی مردوویەک دەگێڕمەوە، ئەدەبەکەی شتێک نەبوو جگە لە دەمامکێکی درۆزن بۆ مەیلە سێکسییەکانی.

زەرفی کتێبەکەم دەکردەوە.. ڕۆمانەکان لێم دەبوونە پۆلە باڵندەیەکی نووستوو کە چاوەڕوان بوون بیانبەمەوە ماڵەوە، بیانخەمە قەفەسی کتێبخانەکەوە، لە بوولبوولەکەی باوکم دەچوو، گەرچی سەلاح یاسین گووی خواردووە ببێت بە تاکە پێڵاوێکی باوکم، باوکم لەسەرەمەرگدا لەبری شایەتومان ناوی دایکمی دەهێنا و غەزەلی بۆ ئەو گوت تا گیانی دەرچوو، بەڵام چونکە ئەو کاتە

عاشـقبووم وامدەزانـی منیـش وەک دایکـم پیاوێکـی عاشـقم دۆزیووەتـەوە.

سـەری زەرفەکـەم دەپێچایـەوە، پارکەکـەم جێدەهێشـت، خـۆم دەکـرد بـە نـاو پاسـی گـەڕەک، هێنـدە پەلـەم بـوو.. کۆلانێـک پێـش گەیشـتنە ماڵـی خۆمـان دابەزیـم، خـۆم کـرد بەماڵـەوە، خـوا کـردی دایکـم لەگـەل ژنـە دراوسـێیەک لـە ماڵـەوە سـەیری درامایەکـی تورکـی خراپیـان دەکرد، خۆ کات و سـاتی نییـە درامـای تورکـی، دوای سـڵاو خـۆم گەیانـدە ژوورەکـەم و زەرفـە باڵنـدە ڕۆمانەکـەم کـردەوە، خەریکـی سـەیرکردنی بەرگـی کتێبـەکان بـووم لەپـڕ لـە نێوانـی دوو کتێـب کاغەزێـک دانرابـوو، کەوتمـە خوێندنـەوەی، بـاوەڕم نەدەکـرد بـۆ مـن نووسـرابێت، بـەڵام کـە ئـەو هەمـوو ئەویـن و عەشـقەی بـۆ خسـتبوومە ڕوو، تووشـی سەرسـامی کـردم، بـەر لـە کۆتایـی نامەکـە نووسـیبووی، گـەر ئەوینـی ئـەوم قەبـوول بێـت، ئـەوە ژمـارەی تەلەفۆنەکەیـتـی خێـرا تەلەفۆنـی بـۆ بکـەم. تـۆش بوویتایـە لـە شـوێنی مـن هـەر واتدەکـرد. ئیـدی لەگـەڵ یەکـەم زەنگـی

تەلەفـۆن بـووم بـە کەپڵـی سـەڵاح یاسـین.

پیلـی کامێراکـە تـەواو دەبێـت، تـا پیلەکـە شـەحن دەکەینـەوە، خۆشـمان پشـووێک وەردەگریـن، بـۆ ئـەوەی بزانیـن چـۆن قسـە لـەو بەشـەی کتێبەکـە دەکەیـن، ئێمـە تاوێـک لـە پێوەنـدی ئـەو دووانـە ڕادەمێنیـن کـە چـۆن منداڵـی و گەنجـی بوونەتـە بوولبـوول و کتێـب، ئـەو دوو پیـاوە دژ بەیەکـە بـاوک و دۆسـت چـۆن کۆبوونەتـەوە لەنـاو ئـەودا، کاتێـک دەسـت دەکەینـەوە بـە وێنەگرتـن، بەشـی دلـداری و پێوەندیـە سێکسـییەکە دوا دەخەیـن بـۆ کاتێکـی تـر، تەنیـا لەسـەر ئـەوەی خوێندمانـەوە هەڵوەسـتە دەکەیـن.

بۆیـە کچـەی خوێنـەر کـە کارەکتـەری سـەرەکی فیلمەکەیـە، بـێ ئـەوەی ڕووخسـاری دەربکەوێـت، هەڵوەسـتە لەسـەر دەمامکـی نووسـین دەکات، دەمامکـی نووسـین فێڵێکـە لـە خوێنـەر تا سـەرنجیان بـۆ خـۆی ڕابکێشـێت، دەنا نووسـەرەکە عاشـقبوونیش وەک دەمامـک بـۆ ژیـان دەخاتـە ڕوو، ئـەو جگـە لـە مرۆڤێکـی لادەری سێکسـی شوناسـێکی تـری نییـە،

بۆ تاوێک لە پشت کامێراکەوە، چاوەکانم پڕ دەبن لە فرمێسک، کچەی خوێنەر دەوەستێت.. داوا دەکات ئەمڕۆ تا ئێرە بەس بێت، کاتێک پرسیاری فرمێسکەکانم دەکات، بەدەم گۆڕینی میمۆری کامێراکەوە پێی دەڵێم.. کچە خۆی باڵندە کوژراوەکەی ناو زەرفەکەی منداڵیە، تەنیا بەڕێگایەک ڕزگاری دەبێت، کەسێک سەری زەرفەکە بکاتەوە، پێش ئەوەی ئاسمانی لێ زەوت بکرێت.

کچەی خوێنەر بە ئەسپایی و خەمگینی دەپرسێت «بەڵام ئەوە چۆن؟» ئەو هەموو ژیانی ویستویەتی عاشقانە بژی، لە ناسینی پیاوەکانیش ویستویەتی ئەو پیاوە بدۆزێتەوە کە هەرگیز نەیدۆزیەوە، ئێستە پێویستە ئەو پیاوە ئەو بدۆزێتەوە، کە خەونەکەی بێنێتە دی.

کچە بێ بیرکردنەوە باس لە پیاوی کورد دەکات، کە چ پیاوێک ژنێکی وا دەکات بە هاوسەری خۆی، بەر لەو چەندان پێوەندی سێکسی و دڵداری هەبووبێت؟

ئـەوە پرسـیارێک بـوو بـۆ چارەنووسـی نادیـار، کەچـی مـن دەمویسـت ئـەو پیـاوە بـم، بـێ گوێدانـە ڕابـردوو، خەونـی خـۆم و ژنێـک بێنمـە دی، بـێ ئـەوەی ڕووخسـاریم بـۆ گرنـگ بێـت، بەهێمنـی وتـم «ئـەو پیـاوە منـم، بـەڵام سـەختە دۆزینـەوەی ژنـەی ڕۆماننـووس»

# قاوەیەکی تاڵ
# بۆ دنیایەکی
# تاریک

رۆحم بەشێوەیەک هەلا هەلا کرابوو، هەمیشە هەستێک برینەکانمی دەبردەوە لای شیعرەکانی قادری، ئەو شاعیرە چەندە ناوبانگی گەورە بوو، هێندەش لە شیعردا برینەکانی خۆی دەنووسی، من کە ناسراوترین ڕۆماننووس ڕاوی کردم، زۆریتریش داوی بۆ نامەوە، بەڵام وردە وردە لە مەبەستەکان دەگەیشتم و دەمتوانی خۆمیان لێ دەرباز بکەم، لە منداڵییەوە خەون بە ژیانێک دەبینم، ماڵێکی بچکۆلەم هەبێت، شاعیرانە لەگەڵ خۆشەویستەکەم بژیم، کچێکم هەبێت ناوی بنێم باران.

ئەو خەونە لە یەکەم هەنگاوی کەوت، نا ئەوە کەوتنی خەون نەبوو، کەوتنی پیاوێک بوو، بەڵام ئەو منی خست، ئەو برینە وایکرد زیاتر سەرگەرمی خوێندنەوە بم، تا بتوانم لە داڕشتنەوەی

پرسیاره ئەدەبیەکان توانای خۆم بسەلمێنم، هەر لەو ڕۆژگارەدا بوو کەوتمە خوێندنەوەی ڕۆمانی «پیرەمێرد و دەریا»ی هەمەنگوای، من هەرچیم بەسەرهاتبێت، لەوە تێکشکاوتر نیم، ئەو پیرەمێردەی ناو ڕۆمانەکە بەسەری دێت، سەرەنجام وەک پاڵەوانی خەونەکانی دەردەکەوێتەوە، ئەوە هێزێکی زۆری پێ بەخشیم، نەک تەنیا لە گەیشتن بە خەونەکەم، بەڵکو لەو دێڕەی کە لەو ساتەوەختە بۆ من هێزێکی گەورەبوو کە دەڵێت «مرۆڤ دەدۆڕێت، بەڵام ناکەوێت».

بۆ هەڵسانەوە و گەیشتن بە خەون.. شیعر و خەون وەک یەک بوون، سەرباری سەرسامیم بە شیعرەکانی قادری، بەڵام دیمانەیەکی کورتی چەند پرسیاریم لەگەڵی ئەنجامدابوو، ئەوە سەرەتای ناسینێک بوو بۆ ئێمە، ئێوارەیەکیان لە کۆڕێکدا یەکتریمان بینی، بەدەست ئاماژەی بۆ کردم کە بچم لای ئەو دابنیشم، ئەو بۆ من خۆی شیعر بوو، نەخوازەلا بەدەم سلاوکردنم بە پۆستەرە شیعرێک وەلامی دامەوە، کە سوور هەڵگەڕام، نەیهێشت دەم

بکەمەوە وتی «کە کوڕەکە تەواو بوو گەر پێت خۆش بێت دەچینە کافێیەک قاوەیەک پێکەوە دەخۆینەوە» ویستم پێی بلێم قوربانت بم ئەمر دەکەیت، بەڵام وام نەگوت.. بۆ ئەوەی سەیری بکەم وتم زۆرباشە منیش پێمخۆشە.

نازانم چۆن کوڕەکە تەواو بوو، پێکەوە هاتینە دەرەوە، تا هۆڵەکەمان جێهێشت چەندان کەس داوایان لێ دەکرد وێنەی لەگەڵ بگرن، ئەویش بە داوای یارمەتی لە من کارەکەی ئەنجام دەدا، لە دڵی خۆم دەمووت وای ئەو تەنیا شیعر نانووسێت، خۆیشی شاعیرانە ڕەفتار دەکات، من بە قاچ بەسەر شەقام نەدەڕۆیشتم، بە باڵی شیعرەکانی بەسەر شەقامدا دەفڕیم، هەر دەڵێی دوو عاشقەکەی ناو تابلۆکانی شاگاڵ بووین، بەسەر شارەکان ئەفڕین، حەزم دەکرد بمباتە ئاسمان نەک کافێ، ئاخر هەموو شتێک لەگەڵ ئەو خەیاڵ بوو، تەنانەت لە بەردەمی فنجانی قاوەکان دانیشتبووین، باسی لە شیعربوونی من دەکرد، کچێک وەک پەپوولەیەک دێت، پێنج پرسیاری لەبارەی شیعر لێ دەکات،

خێرا بۆ ناو باخەکان دەفڕێتەوە.

قادری تاکە پیاو بوو بێ سەلمینەوە و ترس داوای پێوەندی لێکردم، دەبوو بڵێم بیری لێ دەکەمەوە، ئەو لە شوێنی من گوتی بیری لێ مەکەوە، تا تۆ بیر دەکەیتەوە ئەو شاعیرە دەمرێت، وتم نابمە هۆی مەرگی گەورەترین شاعیر. وتی کەوایە ببە خۆشەویستم.. چیتر پێم مەڵێ مامۆستا بە مەحموودی خۆت ناوم بەرە. وای چ بوێرییەکی پێویست بوو، بەڵام ئیدی بڕیارم دا بوێر بم و وتم «کات بۆ من درەنگە دەبێت بگەڕێمەوەماڵەوە».

خۆم بە پۆستەرە شیعرێکی ئەو هاتە بەرچاو، بێباکانە لە کافێ و باخەکان لەگەڵی دادەنیشتم، چەند جارێکیش چوومە سەردانی بۆ رێکخراوی نووسەرانی یەکگرتوو، کە ئەو سەرۆکی ڕێکخراوەکە بوو، رۆژانە نامە شیعرییەکانی خۆی بۆ دەناردم، تەنانەت لە گفتوگۆیەکی تەلەڤزیۆنی ناڕاستەوخۆ باسی پێوەندیەکەمانی کرد، ئەوە وایکرد هیچ گومانێکم نەبێت لە خۆشەویستییەکمان. ئەو داوایەی هەمیشە لێی دەکردم کە پێکەوە بچینە

تورکیا، هەفتەیەک خۆشترین رۆژانی عەشق بەسەر بەرین، چیتر ڕەتی نەکەمەوە، چونکە قسەیەک کە بەمنی وت لە دیدارە تەلەڤزیۆنیەکەیش هەر وای وت «چاوەڕوانی شەش مانگی داهاتوو دەکەم تا ئەنجامی خەڵاتی دوبەی دەردەچێت، دڵنیام ئەمساڵ دەیبەمەوە، بەم بۆنەیەوە خۆشەویستەکەم دەکەم بە بووکی ژیانم».

یەکەمجاربوو لە ژیانمدا سواری فڕۆکە بم، بەتەنیشت مەحموود قادری خۆشەویستم دانیشتووم، وەک چۆن بۆ ئەو سەفەرە یەکەمجار بوو.. لەگەڵ دایکم درۆ بکەم، درۆیەک خوشکە ڕۆحیەکەی شارەوانی بۆی دۆزیمەوە، سیناریۆیەکمان ڕێکخست، هاتە ماڵمان گوایە ڕۆژنامە هەردووکمانی هەڵبژاردووە بۆ سەفەری کۆنگرەی نووسەران لە ئەستەنبوڵ، ئەوەش دەرفەت و خەونێکی گەورەیە، دایکم چونکە هەرگیز درۆی لێم نەبینیبوو، کاتێک دڵنیاش بوو ژنێک هاوڕێی سەفەرەکەمە، ئیدی ڕازی بوو.

لە فڕۆکەخانە دابەزین، دوو جانتامان پێ بوو، لە خاڵی پشکنینی فڕۆکەخانە سەیری پاسپۆرتەکانیان

کردین، وەرمانگرتەوە، لەولاتر چاوەڕێی جانتاکانمان کرد، خستمانە ناو تەکسییەک، بۆ من هەموو شتێک خەون بوو، شار و شەقام و باخ و مرۆڤەکانیش، لە پێش ئوتێلێک دابەزین و ژوورێکمان وەرگرت.

من و شاعیری خەون لە ژوورێک بووین، جانتاکانمان دانا، بەتوندی گرتمیە باوەشی و بۆنی قژی دەکردم، دەستەکانمی گرت گوتی «لە هیچ شتێک مەترسە ئیدی بۆ هەمیشە تۆ هی منیت، لەمڕۆوە تۆ هاوسەری منیت، کە گەڕاینەوە دێمە لای دایکت بۆ خوازبێنیت». دەبوو ئیتر بوێر بم.. چاوەکانم داخست و وتم «مەحموودی من ماچمکە» هەستم بە هەناسەی شیعر دەکرد لەسەر گۆنام، بۆنی پەڕی گوڵ لە لێوەکانم دەهات، لێوم بووبوو بە گوڵێکی پەمەیی باخ، پەپوولەی شیعر بەسەرییەوە نیشتبووەوە، دەستیم دەگرت و دەمخستە سەر مەمکەکانم، ئەویش دوگمەی کراسەکەمی دەکردەوە، لێزانانە دەستی دەبردە سەر ستیانەکەم، بە ئەسپایی پاڵی دەخستم و دەمتی دەنا بە درزی

مەمکەکانمهـوە، ئاسـکێکم لـە نێوانـی مەمکەکانـی خـۆم دەبینـی، دەمـی نابووە سـەر سـینەم، جلەکانمی فـڕێ دەدا لەپـڕ خـۆم بەڕووتـی دەبینـی، جلەکانـی خۆشـی دادەکەنـد، پەنجـەی قاچەکانمـی ئەمـژی، بـەرەو ڕانەکانـم هەڵدهکشـا، سـەری لەنـاو لەشـمدا پـڕ دەبـوو لـە بۆنـی شـەهوەتی ژنانـە.. زمانـی شـیعری ئـەو دەچـووە قووڵایـی گیانمـەوە، لـەوە دەچـوو زمانـی بەنـاو ژنێتیـم بگێڕێـت، ئاگرێکـی وای تێـدا کردبوومـەوە، ئیـدی بەرگـەی هیچـم نەدەگـرت، ڕامدەکێشـا بـەرەو لای خـۆم، دەسـتم بـەر ئاگـری لەشـی دەکـەوت، لەپـڕ پارچـە گۆشـتە ڕەپبووەکـەی بـە ڕووخسـارم دەکـەوت، دەیخسـتە دەممـەوە.. بەهـەردوو دەسـتی سـەرمی دەگـرت و هانکـە هانکـی پـێ دەکرد، ئـەوە ئـەو ساتە بـوو ئیـدی ئـەو زمانـی دەگـۆڕا دەیـووت «بەدڵتـە؟».

مـن بـواری وەڵامدانـەوەم نەبـوو، بەنیـگای چـاو لێـی ڕادەمـام، دەیـووت «ئیـدی هەمـوو ڕۆژێـک دەبێـت وام بـۆ بکەیـت» لەنـاو دەمـم پارچـە گۆشـتەکەی ئـەو قەبـارەی گەورەتـر دەبـوو، هـەر هێنـدەی مابـوو

بەدەستییەوە بڕشێمەوە، شل و خاو دەبووم، پاڵ دەکەوتم، هەردوو ڕانەکانمی بەرز دەکردەوە، ئەو پارچە گۆشتەی لەناو گیانم نزیک دەکردەوە، دەمووت «وامەکە خۆ جارێ نەبوومەتە ژنت»؟ کەچی بەهەڵچوونێکی سەیرەوە دەیووت تۆ قەحپەی خۆمی، دەمووت من قەحپە نیم دەبمە ژنت، دەیووت قەحپەکەی خۆم ئێستە کونت ئەکەم، دەشزانم زۆرت پێخۆشە، قسەکەی تەواو نەدەکرد، ئازارێک بەگیانم دەهات، بەوپەڕی توندی و خێراییەوە لە مندا هاتوچۆی دەکرد، تا هەستم بە گەرماییەک لە ڕانەکانم کرد، مەحمود قادری شاعیر لە ئەستەنبۆل کونی کردم.

ئەو شەوە تا بەیانی نەیهێشت بخەوم، شتێک نەما ناوی دنیای شاعیری بێت، ئارەزوویەکی شەهوانی هەبوو هەر جارێک لێم نزیک دەبووەوە زمانی ناشیرینتر دەبوو، سەیربوو ئەوە ئەو شاعیرە بوو دەیوت بێ خۆشەویستی تۆ دەمرم، کەچی لێرە پێی وتم «ژن پێویستی بە پیاوێک نییە تێی بگات، ژن پیاوێکی دەوێت کێرێکی زلی هەبێت،

هەمـوو شـەوێک گان بـکات» ئیـدی هەرچەنـدە لێـم نزیـک دەبووهـوە، هەسـتم دەکـرد بـە زۆر لاقـەم دەکات، دەیبـردم بـۆ پیاسـە و گـەڕان، چوویـن بـۆ سینەمایش، بـەڵام چێـژم لـە هیـچ نەدەبینـی، تاکـە شـتێک ئەوەبـوو دەبـوو ڕازی بـم ببێتـە مێـردم، مێردێـک تەنیـا وەک ژنێکـی جـوان دەمبینێـت و خـۆی دهیگـوت «زۆر خۆشـیت» سـێ ڕۆژ بەسـەر سـەفەرەکەمان تێپـەڕی، دوا شـەو لـە ڕیسـتۆرانتێک پێـی وتـم «سبەی سـەعات دە لـە فڕۆکەخانـە دەبیـن دەگەڕێینــەوە».

دەرفەتـم بـۆ هێنـاو گوتـم یانـی پێکـەوە دەچینـەوە ماڵـی ئێمـە؟ ماڵـی ئێـوەی چـی هـەر کەسـێک بـۆ ماڵـی خـۆی، ڕاسـتییەکەی مـن وام پـێ باشـە نـاوە نـاوە ئـاوا سـەفەر بکەیـن، بـا جـارێ یـەک دوو سـاڵ پێوەندیەکەمـان بـەم شـێوەیە بێـت، بێدەنـگ بـووم هیچـم نەگـوت، جـا بـا شتێکیشـم بووتایـە، پیـاو هـەزار تەڵەکـە و فێڵیـان هەیـە کاتێـک واز لـە کچێـک دێنـن، وتـم بـەڵام تـۆ خـۆت بەڵێنـت دا کـە بێیتـە خوازبێنیـم؟ بـە گرژییـەوە قسـەی دەکـرد و هەرگیـز

شـاعیره عاشـقەکە نەبـوو، گوتـی «خـۆ نالّێـم نایەمـە خوازبێنیـت، بـەڵام مـن شـاعیرم پێویسـتم بـە پێوەندییـە.. دەبێـت هەسـت بـە عاشـقبوون بکـەم، ت ابڕیـاری هاوسـەرگیری بـدەم»

بەپێچەوانـەی چاوەڕوانـی ئـەو وتـم ئـەوە زۆر ڕاسـتە بـە تایبـەت بـۆ شـاعیرێکی وەک تـۆ، خۆشـحاڵ بـوو، گوتـی «نەمدەزانـی ژنێکـی ئـاوا زوو تێمدەگەیـت» بـە پێکەنینێکـی گاڵتەجاڕانـەوە وتـم مەحمـود ژنـان پێویسـتیان بـە تێگەیشـتن نییـە، پێویسـتیان بـە پارچـە گۆشـتەکەی نـاو زنجیـری پانتۆڵـی پیـاوە.

ئیـدی دەیزانـی کـە بڕیـاری کۆتایـی دەدەم، بەڵام پێی وانەبـوو کچێـک بکرێتـە ژن، چـۆن دەسـتبەرداری ئـەو پیـاوە دەبێـت، دەسـتبەرداربوون بـۆ مـن باشـتر بـوو لـەوەی هەمـوو ژیـان پیاوێـک بـە قەحپـە بمبینێـت.

شـەو نەمهێشـت دەسـتم لـێ بـدات، بـووم بـە مرۆڤێـک.. بڕیـارم دا گـەر بـە زۆریـش پەلامـارم بـدات لـە ئوتێلەکـە حەیای بـەرم، خـەوت و هیچـی نـەووت، منیـش لەسـەر قەنەفـەی ژوورەکـە خەوتـم، بەیانـی

هەریەکە لە شوێنی خۆی خەبەری بووهوە، خۆمان حازر کرد بۆ فرۆکەخانە، لەوێ دووکوپ قاوە و هەندێک شیرینی هێنا خواردمان، کە لە فرۆکە دابەزین و گەیشتینەوە دەیویست بەیەک تەکسی بڕۆین، کاتێک پێم وت «مامۆستا مەحمود سوپاس خۆمماڵەوە دەزانم، ژمارەکەشم بسڕەوە.. هەموو ژیانت تەلەفۆنم بۆ نەکەیت» ئاوا نووسەرێکیتر لەمندا مرد، دڵم بووهتە گۆڕستانی نووسەران.

ئەستەنبۆڵ مەنفای شیعری حاجی قادر، ئەو مەنفایە بۆ مەحمود قادری وێرانکردنی خەونی کچێکە، تەنیا مەیلی دەروونێکی نەخۆشە، قاوەیەکی تاڵی یەکەم دیداری کافێکە بووە کۆتایی دنیایەکی تاریک.

دنیایەکی تاریک من و کچەی خوێنەر ڕادەکێشێت، بۆ مەرگی نووسەرێکی تر، مەرگێک بۆ من نەمریە بە ژنە نووسەرە ونبووەکە.

# لۆژیکی ناسری و حەرامی ژیان

هەندێکجار کە ڕێکەوتی مرۆڤێک دەکەیت، نەخۆشییەکانی هێندە لێی پیس نەکردووە، ناچاریت لە خۆت بپرسیت: باشە خۆ ئەوەش پیاوە؟ ڕاستییەکەی من لەوە تێنەگەیشتم ناسری بۆچی لە هیچ پیاوێک ناچێت؟

عەزیز ناسری شانۆکار دوای ئەوەی سێ مانگ شانۆنامەی «هەتیووەکانی سەرشەقام»ی نمایش کرد، ئەو ڕۆژگارە بوو من وازم لە کاری ڕۆژنامەوانی هێنابوو، بە یەکجاریش پێوەندیم بە خانمی شارەوانی کۆتایی هات، ئەویشم لە خۆمدا کوشتبوو، دایکم دەیزانی بێتاقەتم دەیووت «کچم خۆت ماندوو مەکە خانەنشینییەکەی باوکت کرێی خانوەکەی کۆلانی ئەودیو بەشی ژیانمان دەکات، خوا نەیبرێت دوو زەعیفەی وەکو من و تۆ چیمان

هەیە»

زۆرترین کات لە ماڵەوە بووم، چیتر بیرم لەو مرۆڤانە نەدەکردەوە کە لە خۆمدا ناشتبوومن، دوو جاریش خوازبێنیم هات، بێ هیچ بیرکردنەوەیەک ڕەتم کردنەوە، چونکە بێ ئەوەی کەس بیزانێت من کچ نەبووم.. کرابووم بە ژن، کتێب تاکە هاوڕێ و دۆستم بوو، کاتێک بچوومابە بۆ پیشانگایەکی شێوەکاری یا کۆنسێرتێک، وەک مردوویەک ڕەفتارم لەگەڵ ئەو پیاوانە دەکرد کە ساڵانی پێشوو بەهۆی کارەکەمەوە ئاشنایەتیم پێیانەوە هەبوو، عەزیز ناسری شانۆکار دوای نمایشەکەی تاکە پیاوێک بوو سەرنجی ڕاکێشام، ئەویش بەهۆی شانۆنامەکەی بوو، زوو بووینە هاوڕێ و هەرگیز وەک ئەوانیتر نەبوو، باسی هەموو شتێکی دەکرد، کەچی هیچ مەبەستێکی نەبوو، وەک جەستە منی نەدەبینی، بەڵکو وەک بوون سەیری دەکردم، پاساویشی گەڕانەوە بوو بۆ کتێبە فەلسەفییەکان، کە خۆی باسی لەوە دەکرد، لەو ڕێگەیەوە شانۆنامەکانیشی دەنووسێت.

تـا ئـەو ڕۆژەی ئـەو وڵاتیشـی بەجێهێشـت، پیاوێـک بـوو هەرگیـز وەک ئەوانیتـر نەبـوو، هیـچ کاتێکیـش هەسـتی خۆشەویسـتی پـێ نەبەخشـیم، بـەڵام وەک نزیکتریـن هاوڕێـی سـەیری دەکـردم، هەمیشـە سـەرکۆنەی ئـەو پیاوانـەی دەکـرد، دەیـووت «چـۆن دەکرێت بـە کەسـێک بڵێـی دەمـەوێ ببیتـە هاوڕێـم، کەچـی دواتـر داوای جەسـتەی بکەیـت، چـۆن دەبێـت سـێکس لەگـەڵ هاوڕێـی خـۆت بکـەی» ناسـری پیاوێکـی جیـاواز بـوو، هاوڕێیـەک بـوو بۆشـایی لـە منـدا دروسـت کـرد، مانـای پاکیزەیـی بـۆ ژیانـم گەڕانـدەوە.

هـەر ئەویـش بـوو بوێـری فێـر کـردم، فێـری کـردم بوێـری خـۆ ڕووتکردنـەوە نییـە، بوێـری نووسـینی حەرامەکانـی خۆتـە، مەگـەر ئـەو کتێبـە بەپێـی لۆژیکـی ناسـری نەنووسـرابێت؟

ئـەوە ئـەو پرسـیارەیە ئێسـتە ئاراسـتەی خۆمانـی دەکەیـن، نـە نووسـەری ڕۆمانەکـە دیـارە، نـە کـەس دەزانێـت عەزیـزی ناسـری کەوتـە کوێـی ئـەو دنیایـەوە، ئـەوەی لـە دەمـی هاوڕێکانـی بیسـترا، هـەر

هێندەبوو کە گوتبووی «ڕۆژێک کە لێرە چوومە دەرەوە، دەمەوێت وەک مرۆڤێکی ئاسایی بژیم، نەک نووسەر و هونەرمەند» داخۆ هەر ئەو لۆژیکە نەبوو ڕۆمانووسەکەی ئێستە ئەو دیکۆمێنتارییەی لەبارەوە ئەنجام دەدەین، دەیویست ژیانێکی ڕۆمانتیکی هەبێت، کە پێی نەگەیشت لەڕێی خوێندنەوەی کتێبەوە تەنیایی خۆی هەڵبژارد.

کچەی خوێنەر پاڵەوانی سەرەکی ئەو فیلمەی من کە سەرەتا لە کتێبخانەی گشتی یەکتریمان ناسی، بەشێوەیەک لە بەردەم کامێرا دەیالۆگەکانی دەردەبڕی، وەک ئەوەی لە ژیاندا بێت، جارێکیان لە وۆرک شۆپێکی دۆکیۆمێنتاری کە خانمێکی ئەڵمانی بەناوی «ڕووت» وانەی پێ دەوتینەوە، باسی لەو حالەتە گرنگەی ناو دیکۆمێنت دەکرد، ئێستە لەوکاتەدا بیری ئەو وانەیەم دێتەوە، کە لەبارەی پێوەندی نێوان دۆکیۆمێنت و دەروونشیکاری بوو، بۆیە ئەوە وا دەکات تیشک بخەینە سەر لایەنێکی دەروونی ناسری، ئێستە ئەو پرسیارە ئاراستەی کچەی خوێنەر دەکەم و لێی دەپرسم:

ئاخـۆ شـانۆنامەی هەتیوەکانـی سەرشـەقام کـە لەبـارەی دیـاردەی هەتیوبـازی بـوو پێوەنـدی بـەو حاڵەتـەوە نییـە کـە کچـەی ڕۆماننـووس بـاس لـە ناسـری دەکات وەک پیاوێـک کـە مەیلـی سێکسـی بـۆی نییـە؟

ئـەو تاوێـک لـە پێـش کامێـرا و بـەدەم بیسـتنی پرسـیارەکەی منهـوە هەڵوەسـتەیەک دەکات، تـا دەگاتـە وەڵامێکـی گونجـاو.

ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ پێوەنـدی بیۆگرافـی نووسـەر و تێکسـت، دەشـێت ئـەو پرسـیارەی تـۆ ڕەوایەتـی خـۆی هەبێـت بـۆ سـێکس نەکـردن و بیرنەکردنـەوە لـە ژنـەی ڕۆماننـووس، چونکـە هەمـوو ئەوانـەی وەک مارسـیل برۆسـت و ژان ژینیە و نووسـەرانی تریش کە باسیان لـە ئەدەبـی هۆمۆسێکسـواڵ کـردووە، خۆیـان لـە بنەڕەتـدا هۆمۆسێکسـواڵ بـوون، گـەر وابێـت ناسـری شـانۆنامەی «هەتیوەکانـی سەرشـەقامی» لەبـارەی ژیانـی خـۆی نووسـیووەتەوە، بـەڵام ئـەو گریمانەیـە دامانـا وایـە، ئاخـۆ لـە ڕوانگـەی ژان پـۆل سـارتەر پێوەندییـەک لـە نێـوان ژان ژینیـە وعەزیـزی

ناسـری نادۆزینـەوە؟ سـارتەر لـە کتێبێکـدا ژینیـە بـە قەدیـس نـاو دەبـات. ناسـری هەمـان حاڵەتـی تێدایـە، کاتێـک پیـرۆزی هاوڕێیەتـی دوور دەکاتـەوە لـە پێوەنـدی سێکسـی، بۆیـە ناسـری وەک موغـی زەردەشـتی دەیبینیـن.

عیشقێک
دەمکوژێت

هەموو کچێک خەون بە ئەوینی نووسەرێکی وەک سەلاح یاسین دەبینێت کە عەشق لە پەنجەکانیدا لەدایک دەبێ، ئەو پەنجانەی کارەکتەری ڕۆمانەکانی پێ دەهاتنە دنیا، ئەو پەنجانە کەوتنە ناو قەفەسی دەستی من، خۆم بە لامەوە مەبەست بوو پەنجەکانی مەستبن لەناو عەتری قژم، نەمدەویست لەبارەی هیچ شتێکەوە هیچ بزانم، دووەم دیدار هەر لە ئۆفیسەکەی یەکمان بینی، بەڵام هەینی بوو نە سکرتێر و نە هیچ کەسێک لەوێ نەبوون، لەبەر دەرگا چاوەڕێی دەکردم کە چووینە ژوورەوە.. دەرگاکەی کلیل کرد، دوو بەرداخ شەربەتی دانا و بەتەنیشتمەوە دەستەکانمی گرت، یاریی بە پەنجەکانم دەکرد، سەرم خستە سەر سینگی، دەستی خستە ناو قژم، پەنجەی بەر

ڕوومەتم دەکەوت، هێندە عاشقانە وتی «ئەتوانم ماچت بکەم»

جا چۆن ناتوانێت ئەو خۆشەویستمە، ئەو نەتوانێ ئەی کێ دەتوانێ ماچم بکات، سەلاح لە عیشقدا پرسیار نییە، شتەکان بە سروشتی خۆیان ڕوو دەدەن، هەردووکمان چاومان داخست و کەوتینە لێومژینی یەکتری، لە دنیایەک بووین ئیدی خەیاڵ باڵمانی لێ ڕوواندبوو، کە بەئاگا هاتمەوە ماوەیەکی زۆر بوو لە باوەشی ئەو خەوم لێکەوتبوو، ماوەی سێ مانگ هەموو ڕۆژانی هەینی یەکتریمان دەبینی.

سێیەم هەفتە دەستی کرد بە خوێندنەوەی ڕەشنووسی ڕۆمانێک کە چۆن نووسەرێک دەکەوێتە ئەوینی کچێکی ڕۆژنامەنووس، هەموو کاتێک خەون بەوەوە دەبینێت کەی بێت ڕۆژێک خەیاڵەکانی بۆ جەستەی ببنە ڕاستی، ئەو خەریکی خوێندنەوە بوو، منیش بلوزەکەم بەرز کردەوە و دامکەند، بە ستیانێکی ڕەشەوە بە دیاریەوە بووم، عاشقانە لێم ڕادەما، دەستێکی بە کاغەزەکان و دەستەکەی

تریشی بەسەر ڕانەکانمەوە بوون، چونکە ئەو ڕۆژە تەنورەیەکی کورتم لەبەر کردبوو، ئەو جادووبازێک بوو، ڕێک لە ڕۆمانەکە باسی تەنورەیەکی کورتی دەکرد، کاتێک پەنجەکانی دەکەونە سەر ڕانم، دەبێت چۆن ئەو ڕۆژە بێت کەمەرم بگرێت، هەڵسامەوە و زنجیری تەنورەکەم کردەوە، بۆی وەستام کاغەزەکانی بە ژوورەکەدا پەرشوبڵاو کردەوە، لەسەر کۆشی خۆی دای نیشاندم، لا ملمی ماچ دەکرد، ستیانەکەمی شل کردەوە، دەستەکانی وەک دەستی باخەوانێک کرانەوە، هەردوو لیمۆی سینەم کەوتنە ناو دەستەکانی، بەشێوەیەک یاریی بە گۆی مەمکم دەکرد خەریک بوو شێتم بکات، دەستم بۆ زنجیری پانتۆڵەکەی دەبرد، بە پەلە پانتۆڵەکەی خۆی دادەکەند، دوگمەی کراسەکانیم دەکردەوە، دوو جەستەی ڕووت بووین، ڕەشنووسی ڕۆمانە نوێیەکەی لەو ناوە کەوتبوو، تەواوی جەستەم وەک ئەوەی پەرستگا بێت، ئاوا ماچی دەکرد و دەیپەرست، هەڵسایەوە سەرپێ، هێشتا من پاڵکەوتبووم.. دەستمی گرت تا بتوانم دابنیشم، لە بەردەم ئاگری جەستەی ڕایگرتم، بێ

ئـەوەی داوای هیـچ بـکات خسـتمە دەممـەوە، لەسـەر سـک پاڵیخسـتم، کاری خـۆی لەگـەڵ کـردم، نـاوە نـاوەش دەیـووت «مەترسـە کونـت ناکـەم».

سێ مانگی تـەواو هەمـوو ڕۆژانـی پشـووی هەفتـە.. سـەلاح یاسـینی ڕۆماننـووس سـوارم دەبـوو، تـا ئێوارەیەکیـان کاتێـک پێمـی ئەمـژی، ئـەو ڕۆژە هەرچـی ئـاوی هاتـوە خسـتییە دەممـەوە، کـە تـەواو بـوو خۆمـان گـۆڕی، دانیشـتین پێـم وت «ناکرێـت هـەروا بـەدزی پێکـەوە بیـن، بـۆ نامکەیە ژنـی خۆت» هێنـدە سـەیر پێکەنـی، وەک ئـەوەی گێلایەتیەکـم نواندبێـت «ژن.. تـۆ ببیتـە ژنـی مـن؟ نـا شـتی وا نابێـت.. تـۆ تەنیـا دۆسـتمی» یانـی چـی دۆسـتت؟ مەگـەر تـۆ خۆشـت ناوێـم؟ ئیتـر بـۆ نامهێنـی؟

کەچـی نکوڵیکردنـی لـە ژیانی هاوسـەری بەشـێوەیەک بـوو، وەک ئـەوەی مـن تەنیـا قەحپەیـەک بـم بـۆ ئـەو، بۆیـە هەوڵمـدا تورەییـم کۆنتـڕۆڵ بکـەم، کاتێـک پێـم وت مەگـەر تـۆ بـەو شـێوەیە منـت خۆشـەوێت؟ بـۆ ئـەوەت نەبـوو بمکەیتـە هاوسـەرت؟ کەچـی ماوەیـەک بێدەنـگ بـوو، تـا کۆتایـی بـە بێدەنگـی هێنـا «ئـەوە

عەشقە لە ماڵ دەمرێت، عەشق دەبێت ئازاد بێت بۆ شەقام و باخ و سێکس کراوە، هیچ کاتێک نە بیرم لە ژنهێنان کردووەتەوە، نە تۆشم وەک ژنی خۆم سەیر کردووە».

لەو ڕۆژگارە شانۆگەری «ماڵی بووکە شووشە»ی ئەپسنم خوێندبووەوە، چۆن نورا ماڵەکە جێدێلێت و بەتوندی دەرگاکە دادەخات، هەڵسامەوە دوو تفم کردە چاوی سەلاح یاسین و ژوورەکەم جێهیشت، وەک نورا بەتوندی دەرگاکەم داخست و ئیدی هەرگیز نەهاتمەوە ئەو ژوورە، ژمارەی تەفۆنەکەم گۆڕی و شیعرەکانی مەحمود قادری بووبوونە زامی برینەکانم.

«ئەوە ئەو عیشقە بوو کە بووە هۆی ناسینی برین، مرۆڤ کە برینی ناسی ئیدی دەچێتە قووڵایی ئازار» کچەی خوێنەر ئاوا شیکاری بۆ پێوەندی دڵداری نووسەری کتێبەکەمان و ڕۆماننووسە ناسراوەکە دەکرد، کاتێک کامێراکەم دەکوژاندەوە، تاکە ڕۆژێکمان لە بەردەم مابوو بۆ وێنەگرتنی دیمەنی کۆتایی فیلمەکە، ئەوەیشیان

سـبەی هەینییـە و کار ناکەیـن، ڕۆژی شـەممە سـەرلەنوێ دەسـت دەکەینـەوە بـە وێنەگرتـن کـە دوا ڕۆژی کارکردنمـان دەبێـت.

چیرۆکنووسێکم
کووشت

نامەوێت لە کۆتایی ئەو کتێبەدا نهێنییەکتان لێ بشارمەوە، نهێنی چیرۆکی مەرگی چیرۆکنووسێک، تا ئێستە کەس نازانێت، چۆن مەولوود ئەحمەدی چیرۆکنووس مرد، ئەو پیاوەی شوفێری تاکسییەک دەچێتە ماڵەکەی و بە مردوویی دەیباتە نەخۆشخانە.

من بووم ئەوم کووشت، ئەحمەدی ژیان و نووسینی وەک یەک بوو، مرۆڤ دەبێت وەک ئەو بێت، درۆ نەکات، گرنگ نییە ڕەفتارەکانیت بەدڵ بێت، گرنگ خۆی بێت، ئەو نووسەرێک بوو خۆی بوو.. تا ئێستە کەس ناپرسێت بۆ ناوبانگی ئەو بووهتە ڕێزێک، تەنانەت کە مردیش سهرۆک کۆمار و سەرۆکی ئەنجوومەنی تەشریعی هاوخەمی خۆیان بۆ مەرگی ئەو دەربڕی، کە

وڵات یەکێک لە مەزنترین نووسەرانی لەدەست داوە، ئەو نووسەرێکی مەزن بوو، بەڵام بەپێی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی، ئەو بەدڕەوشتترین مرۆڤ بوو، چیرۆکی ئەو پڕ بوو لە پێوەندی سێکسی و مەیلی دڕندەی پیاوانە بۆ سێکس.

بەدرێژایی ئەو کتێبە ویستومە چیرۆکی ئەو بشارمەوە، بەڵام ئێستە کە گەیشتوومەتە کۆتاییەکانی ئەو کتێبە، دەمەوێت ئەو نهێنیەیش بدرکێنم، لە نێوان یاسین و قادری دەبێت بزانن ئەحمەدی لە ژیانی من هەیە، کاتێک چیرۆکەکانیم دەخوێندەوە، هەستم دەکرد پیاو ئەوەیە ئیدی بۆ سەلاح یاسین لە ڕۆماندا خۆی لێکردووم بەو پەروانەیە، ئەوە ئەحمەدی نەبوو دوای من کەوت، نا ئەوە خۆم بووم بەدوای کەوتم، هەستم دەکرد ڕاستگۆیی ئەو دەشێت ببێتە پیاوی خەونەکانم، لێتانی ناشارمەوە، دوای دووجار قسەکردن لە بارەگای نووسەران، ڕۆژێک گوتی «باخێکم هەیە لە دەرەوەی شار، گەر پێتخۆشبێت ئێوارەیەک لەوێ باسی چیرۆک و نهێنی نووسین دەکەین».

ئـەو ڕۆژەی چووینــە باخەکـەی، لەنـاو درەختــەکان بـێ هیــچ قســەکردنێک کاتێـک دەسـتی بەنــاو گــەڵای پرتەقاڵــەکان دەگێــڕا دەیـووت «پڕتەقاڵــە ڕاســتەقینەکان لــە ســینەی تـۆن» ئـەوەی دەوت و هێشـتا پەنجەکانـی بۆنـی گەڵاکانـی لـێ دەهـات کـە دوگمــەی کراســە ســپیەکەمی دەکــردەوە، دەســتی بەناو مەمکەکانم دەگێڕا، بەدەستەکانی شانەکانمی دادەگـرت.. تـا بکەومـە سـەرچۆک، خۆشـی زنجیـری پانتۆڵەکـەی دەکـردەوە، تێناگـەم پیـاو بـۆ هێنـدە حەزیـان لـە مژینـە.

کــە خــاو دەبووهــوە لەژێــر ســێبەری درەختــەکان دادەنیشــتین، باســی لــەوە دەکــرد ئــەدەب دەبێــت وێنـەی ڕاسـتەقینەی ژیـان بێـت، ڕێـک وەک سـاتێک پێـش ئێسـتە بێـت کـە خواسـتی مـن بـوو لـە تـۆدا.

ئـەو بوێرییــەی لــە نووسـینی ئـەودا باسـی دەکـرا.. ڕاسـتییەکەی لـە ژیانیشدا ئـاوا بێسنوور بـوو، ئاخـر ئـەو دوای سـێکس شـتی وای دەکـرد» تێدەگەیشـتی نووســەران جگــە لــە کۆمەڵــە نەخۆشـێک بترازێـت شـتێکیتر نیـن، کەڕەتێکیـان لەنـاو چیمەنـی باخەکـە

پاڵکەوتبــوو، گوتــی ڕووخســارم وەک ئــاو دەســت ببینــە، میــزی پیــا بکــە، مــن پێدەکەنیــم، پێکەنینــم ئــازاری دەدا.

زانیــم ئــازاری بــۆ ئــەو ســاتەوەختەیە ئــەو ڕۆژەبــوو تەنورەیەکــی ســوورم لەبــەر بــوو، دەرپــێ کورتەکــەم فڕێدا وەک ئــەوەی داوای کــرد ســمتم لــە ڕووخســاری نزیــک کــردەوە، میــزم بــە ڕووخســاریدا دەکــرد، کاتێــک ویســتم هەڵســم، بەدەســتەکانی کەمەرمــی گــرت و کەوتــە مژینــی قــووزم و گــازی لــێ دەگــرت، زمانــی بەشــێوەیەک خســتبووە نــاوی وەک ئــەوەی کێــری نەبێــت بــە زمــان بمگــێ، کەچــی داوای دەکــرد منیــش دەســت بــۆ کێــری بــەرم و دەســتپەڕی بــۆ بکــەم، زمانــی لــە قــووزم بــوو، دەســتی منیــش بەکێرییــەوە بــوو، بەشــێوەیەک خســتبوومە ســەر دەمــی، هــەر ئەوەتــا دەیتوانــی بجووڵێتــەوە، کــە خــۆی لەســەری بادەدا، بەدەستیشــم کێریــم دەگوشــی و یارییــم پــێ دەکــرد، کــە ڕەحــەت دەبــوو تۆوەکــەی دەردەچــوو، هەســتم دەکــرد چیتــر هەناســەش نــادات، قــووزم لەســەر دەمــی هەڵگــرت، تێگەیشــتم لەگــەڵ

ڕەحەتبوونــی گیانیشــی دەرچــوو.

ئــاوا مەولــوود ئەحمــەدی چیرۆکنووســم کووشــت، خــۆم کــۆ کــردەوە هاتمــە بــەر دەرگا دوو تەکســیم ڕاگــرت، بــە یەکێکیانــم وت پیاوێــک لــە ژوورەوەیــە یارمەتــی بدە تەکسی پێویستە، خۆشــم بە تەکسی دووەم گەڕامــەوە ماڵــەوە.

ئەمــڕۆ مــن و کچــەی خوێنــەر بــە دوو گرتــە کۆتایــی بــە فیلمــە دۆکیۆمێنتاریەکەمــان دێنیــن، گرتــەی یەکــەم لەســەر چیرۆکــی کووشــتنەکەیە، کچــەی خوێنــەر بــە دەنگێکــی گریــاوەوە دەڵێــت «دەبــوو ئەحمــەدی بمرێت، ئــەو گەیشــتە دوا چێــژی بــاڵا لــە نووســین و لــە ژیــان، پێویســتی بــە شــتێکیترنەما، ئــەوەی ویســتی نووســی، ئــەوەی مەیلیشــی لــێ بــوو پێــی گەیشــت، ئیــدی ژیــان بــۆ ئــەو تــەواو بووبــوو»

مــن چەندە سەرسام بووم بــەم بۆچوونە کە زۆر گرنگ بــوو بــۆ فیلمەکــەم، هێنــدەش کەوتبوومــە ئەوینــی ژنــە نووســەرەکەوە، چونکــە لای مــن پاکیزەتریــن ژن بــوو، لەپێنــاو جوانــی وعەشــقدا شــەڕێکی دەکــرد، لــە

کۆتاییـەکان نەدەترسا، کچـەی خوێنـەر کـە ئـەوەی بیسـت، هێنـدە سـەیر دەسـتی کـرد بـە گریـان، هــەردوو دەســتی بــە چاوەکانــی خۆیــەوە گرتبــوو، کـە دەسـتەکانیم لابـرد و فرمێسـکەکانیم سـڕی گوتـی «دەزانـی مـن نووسـەری کتێبەکـەم؟»

لـە گریانەکەیـەوە هەسـتم پێـی کـرد ئـەو بێـت، ئیـدی ئـەو خـۆی لـەو جلوبەرگانـەدا شـاردبووهوە، تەنانـەت کتێبەکـەی خـۆی لـە کتێبخانـەی گشـتی وەردەگرێـت، تـا بزانێـت کاردانـەوەی خوێنـەر و فەرمانبەرانـی کتێبخانـە چـی دەبێـت، ئـەوە ئـەو ڕۆژە بـوو کـە پلانـی فیلمەکـەی بـە مـن گـۆڕی، ئێسـتە لەبـری دوا گرتـەی فیلمەکـە مـن پێـی دەڵێـم «مـن عاشـقی تـۆم، دەمەوێـت ئـەو فیلمـە تەنیـا وەک حەقیقەتـی پیـاو بێـت، دەمەوێـت ببیتـە هاوسـەرم.. تـا کچێکمان هەبێـت بەنـاوی بـاران» بـاوەش لـە یـەک دەدەیـن و بـە ڕۆحێکـی عاشـقانە دوا دیمـەن تـەواو دەکەیـن، کاتێـک وەک دیمەنەکانـی پێشـوو ئـەو ڕووخسـاری دەرناچێـت، کتێبەکـەی بەدەسـتەوەیە دەڵێـت: مـن نووسـەری کتێبـی ژن و سـێکس.. نـە خۆپیشـاندان

لـە دژم بکـەن نـە بـەدوام بگەڕێـن، مـن لەناوتانـدام لــە ڕیــزی خۆپیشــاندانەکان، دەیــان قوربانــی وەک مـن هـەن، لێمانگەڕێـن ژیانـی خۆمـان بژیـن، ئێـوەش ژیانــی خۆتــان بژیــن و ژیانــی کەســیتر بــە نــاوی ئـەدەب وهونەرهـوە تاریـک مەکـەن.

٢٠١٨-٦-٣

ئیزۆلا- ئیتاڵیا